# تأثير الزمن النفسي على قوة الراوي في كلتا الروايتين "مسألة الضمير" و"ألم الشعب".

تأثير الزمن النفسي على قوة الراوي في كلتا الروايتين "مسألة الضمير" و"ألم الشعب"

هێمن جاسم محمد
جامعة صلاح الدين ـ كلية التربية / شقلاوة، أربيل، كردستان hemn.muhamad@su.edu.krd

أ.م.د. محمد أحمد حسن
جامعة صلاح الدين ـ كلية التربية / شقلاوة، أربيل، كردستان
Mohammed.hasan@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: الزمن الذهني، قوة السرد، موجات الوعي، الشخصية ، الداخل.

**كيفية اقتباس البحث**

محمد ، هێمن جاسم ، محمد أحمد حسن ، تأثير الزمن النفسي على قوة الراوي في كلتا الروايتين "مسألة الضمير" و"ألم الشعب"،مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦، المجلد:١٦ ،العدد:٥ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مفهرسة في Indexed
IASJ

مسجلة في Registered
ROAD

# The Impact of Psychological Time on the Narrator's Power in Both Novels "The Question of Conscience" and "The People's Pain"

**Hemn Jassim Mohammed**
**Salahaddin University - College of Education / Shaqlawa, Erbil, Kurdistan**
**hemn.muhamad@su.edu.krd**

**Assistant Professor Dr. Mohammed Ahmed Hassan**
**Salahaddin University - College of Education / Shaqlawa, Erbil, Kurdistan**
**Mohammed.hasan@su.edu.krd**

**Keywords** : Mental time, cold power, consciousness, personality, internal.

**How To Cite This Article**
Mohammed , Hemn Jassim , Mohammed Ahmed Hassan ,The Impact of Psychological Time on the Narrator's Power in Both Novels "The Question of Conscience" and "The People's Pain" ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract
Narration, as a fundamental component of the novel, has long served as a central foundation for its renewal and development. Throughout the history of the novel—globally in general and within Kurdish literature in particular—it can be considered a key criterion through which the modernization of the Kurdish novel may be identified. This study seeks to examine a specific form of temporality, namely psychological (internal) time, and to explore its significant impact on the authority of the narrator, in terms of both its scope and its modes of manifestation.
The aim of this research is to clarify the concept of time in two Kurdish novels, focusing on how this form of temporality influences the narrative structure and the narrator's authority. The study adopts a comparative

methodological approach to analyze the representation of time in Kurdish fiction, using two selected novels as case studies in order to demonstrate the role of this temporal dimension in the renewal of the novel.

The study concludes that in the novel Masalay Wijdan, time is structured chronologically, with an omniscient narrator exercising full narrative authority. In contrast, in the novel Zhany Gal, time shifts toward a psychological (internal) dimension, which reflects a clear indication of the evolving and modernizing tendencies within the Kurdish novel.

Our study consists of two parts. The first part, which is partly theoretical, is a theoretical study of the term and concept of time in general and mental time in particular, while another topic discusses Bergson's views as a philosopher who has studied this subject.

The second part, which is a practical part, discusses the power of the narrator, mental time, the destruction of events and the destruction of the chronology of time. Finally, we present the results of our research in several points.

ملخص

عد السرد بوصفه عنصراً أساسياً في بنية الرواية أحد المرتكزات الجوهرية في تجديدها. ومن خلال تاريخ الرواية العالمية عموماً، والرواية الكردية على وجه الخصوص، يمكن اعتماد هذا العنصر معياراً لتحديد مظاهر حداثة الرواية الكردية. تسعى هذه الدراسة إلى تناول نوعٍ من الزمن، وهو الزمن النفسي (الداخلي)، وبيان أثره الكبير في سلطة السارد، من حيث مداها وكيفية تجلّيها.

يتمثّل هدف الدراسة في توضيح مفهوم الزمن في روايتين كرديتين، حيث نحاول الكشف عن تأثير هذا النوع من الزمن في عنصر السرد وسلطة السارد. وتعتمد الدراسة المنهج المقارن لتحليل الزمن داخل الرواية الكردية، من خلال اختيار نموذجين روائيين بهدف إظهار أثر هذا الزمن في تجديد الرواية.

وتخلص الدراسة إلى أنّ رواية «مەسەلەی ویژدان» تقوم على زمن كرونولوجي، مع هيمنة سارد عليم بكل شيء، في حين يتحوّل الزمن في رواية «ژانی گەل» إلى زمن نفسي داخلي، وهو ما يُعد مؤشراً على تجدد الرواية الكردية.

تتألف دراستنا من جزأين. يتناول الجزء الأول، وهو ذو طابع نظري، دراسة نظرية لمصطلح ومفهوم الزمن عمومًا، والزمن الذهني خصوصًا، بينما يناقش الجزء الثاني آراء بيرجسون كفيلسوفٍ درس هذا الموضوع.  أما الجزء الثاني، وهو ذو طابع عملي، فيتناول قوة الراوي،

والزمن الذهني، وتلاشي الأحداث، وتلاشي التسلسل الزمني. وأخيرًا، نعرض نتائج بحثنا في عدة نقاط.

## کاریگەری زەمەنی دەروونی لەسەر دەسەڵاتی گێڕەرەوە لە هەردوو ڕۆمانی مەسەلەی ویژدان و ژانی گەل

**هێمن جاسم محمد**
**زانکۆی سەڵاحەددین- کۆلێژی پەروەردە/ شەقڵاوە، هەولێر، کوردستان**
hemn.muhamad@su.edu.krd
پ.ی.د. محمد أحمد حسن
زانکۆی سەڵاحەددین- کۆلێژی پەروەردە/ شەقڵاوە، هەولێر، کوردستان
Mohammed.hasan@su.edu.krd

پوختە
گێڕەرەوە وەک توخمێکی سەرەکیی ڕۆمان بۆ نوێکردنەوەی ڕۆمان بنەمایەکی سەرەکیی بووە. لە مێژووی ڕۆمانی جیهانی بە گشتی و کوردی بەتایبەتی دەتوانین بیکەینە پێوەرێک بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە نوێبوونەوەی ڕۆمانی کوردی دیاری بکەین. ئەم توێژینەوە هەوڵێکە بۆ ئەوەی باسی جۆرێک لە زەمەن بکەین، ئەویش زەمەنی دەروونییە، ئەم زەمەنە کاریگەری گەورەی لەسەر دەسەڵاتی گێڕەرەوە دەبێت، کە تا کوێ و چۆن بێت.
ئامانجی توێژینەوەکەمان ڕوونکردنەوەی زەمەنە لە دوو ڕۆمانی کوردی، کە تێیدا هەوڵمانداوە کاریگەری ئەم زەمەنە لەسەر توخمی گێڕەرەوە و دەسەڵاتەکەی بخینەڕوو. مێتۆدی توێژینەوەکەمان بریتییە لە مێتۆدی بەراوردکارییە بۆ زەمەن لەناو ڕۆمانی کوردی و نموونەی دوو ڕۆمان بۆ ئەوەی کاریگەری ئەم زەمەنە لەسەر نوێبوونەوەی ڕۆمان دەربخەین. لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی لە ڕۆمانی مەسەکەی ویژدان، زەمەنێکی کرۆنۆلۆجی هەیە و دەسەڵاتی گێڕەرەوە هەمووشتزانە و لە ڕۆمانی ژانی گەل ئەم زەمەنە دەگۆڕێت بۆ زەمەنێکی دەروونی و ئەمەیش نیشانەی نوێبوونەوەی ڕۆمانی کوردییە.

کلیلە وشە: زەمەنی دەروونی، دەسەڵاتی گێڕەرەوە، شەپۆلی هۆش، ناوەوەی کارەکتەر.

### پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (کاریگەری زەمەنی دەروونی لەسەر دەسەڵاتی گێڕەرەوە لە هەردوو ڕۆمانی مەسەلەی ویژدان و ژانی گەل)، مەبەستێتی گرینگ و بەهای زەمەنی دەروونی لە نێو ڕۆمانی کوردیدا بخاتەڕوو، ئەگەرچی هێشتا وەکو پێویست کاری زۆر لەسەر نەکراوە، یاخود جۆرە تێکەڵکارییەک لە نێوان جۆرەکانی زەمەندا هەیە و باش جیانەکراونەتەوە، سەرئەنجام هەوڵ دەدەین لە ڕێی ئەم توێژینەوەیەوەدا ئاماژە بە چۆنێتی سەرهەڵدان و جیاوازی ئەم فۆڕمەی زەمەن، لەگەڵ ئەوانی تر بدەین. لە لایەکی ترەوە کاریگەری ئەم زەمەنەش لە نێو قۆناغەکانی ڕۆمانی کوردی و بەتایبەت لەسەر دەسەڵاتی گێڕەرەوە، دیاری بکەین، چونکە هەروەک ئاشکرایە کە دەسەڵاتی گێڕەرەوە لە ڕۆمانی کوردیدا، بە چەند وێستگەیەکی جیاوازدا تێپەڕیوە و دواتر گەیشتوەتە ئەم فۆڕمە نوێیەی کە هەیە. زەمەنی دەروونی، بەکارهێنان و مەزراندنی لە ناو ڕۆماندا وابەستەی زیرەکی و لێهاتووی ڕۆماننووس دەردەخات، چونکە دەبێ شارەزاییەکی زۆرباشی لەسەر لایەنی دەروونی و خوێندنەوەی ناوەوەی مرۆڤەکان هەبێ و بتوانێ چۆن مامەڵە لەگەڵ شەپۆلی هۆش و مۆنۆلۆگ و تەکنیکەکانی تر دەکات.

**ئامانجی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیە ئامانجمانە کاریگەری زەمەن بە گشتی و زەمەنی دەروونی لەسەر نوێبوونەوەی ڕۆمانی کوردی و گێڕەرەوەی ڕۆمان دەربخەین.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا لە ڕێگەی میتۆدی بەراوردکارییەوە هەوڵماندا وە زەمەن لە دوو ڕۆمانی کوردیدا بەراورد بکەین، بۆ ئەوەی ئاستی گۆڕینی دەسەڵاتی گێڕەرەوەمان لە ڕێگەی گۆڕینی زمەنەوە بۆ زەمەنی دەروونی بۆ دەرکەوێت.

**سنووری توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا دوو ڕۆمانی کوردی، ئەوانیش مەسەلەی ویژدان و ژانی گەلن بە نموونە وەرگیراون بۆ ئەوەی سنووری توێژینەوەکەمان کۆنکرێت بێت.

**کێشەی توێژینەوەکە:** ئێمە دەمانەوێت کێشەی نوێبوونەوەی ڕۆمانی کوردی بەپێی پێوەری زەمەنی دەروونی و گۆڕینی دەسەڵاتی کوردی دیاری بکەین، چونکە لەناو توێژینەوەی کوردی ئەوەی تاکوو ئێستا کراوە سەبارەت بە زەمەن و قۆناغبەندی ڕۆمانی کوردی، پێوەرێکی زانستی و بابەتیانە نەبووە.

**پلانی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکەمان لە دوو بەش پێک هاتووە. بەشی یەکەم، کە بەشێکی تیۆرییە توێژینەوەیە بەشێوەیەکی تیۆری لە زاراوە و چەمکی زەمەن بەگشتی و زەمەنی دەروونی بەتایبەتی، هاوکات لە تەوەرەیەکی تر بۆچوونەکانی بێرگسۆن وەک فەیلەسووفێک کە توێژینەوەی لەم بارەیەوە کردووە باس کردووە. هەرچی بەشی دووەمە، کە بەشێکی پراکتیکییە تێیدا لە چەند تەوەرەیەکدا باسی دەسەڵاتی گێڕەرەوە و زەمەنی دەروونی و تێکشکاندنی ڕوودا و تێکشکاندنی کرۆنۆلۆجیای زەمەن کراوە. لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکەمان لە چەند خاڵێکدا خستۆتەڕوو.

## بەشی یەکەم: دەروازەیەکی تیۆری سەبارەت چەمک و زاراوەکان

### ١. زەمەن چییە؟

لە چوارچێوەی بیرو بۆچوونی زانستیی و فیزیکییەوە، زەمەن وەک توخمێکی سەرەکی و گرینگ بونیاتی ڕۆمان چاوی لێ دەکرێت و وەک داینەمۆ و پاڵنەرێک وایە کە هەمیشە، ڕۆڵی گەیەنەر و بەستنەوەی توخم و هونەرەکانی نێو دەقی گێڕانەوەناسی هەیە و بەبێ بونی ئەم، دەقە کرچ و کاڵ دەبێ. لەسەرەتای ژیانەوە مرۆڤەکان هەمیشە و بە شێواز و فۆرمی جۆرا و جۆر زەمەنیان ناساندوە و هەوڵیانداوە وەک چەمکێکی سەرەکی و دیاری نێو ژیان بیناسێنن، هەر بۆیە لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیان و بەپێی زەمەنی بەرەو پێشچونی مرۆڤایەتی، کاریان لەسەر زەمەن کردوە ئەم کارکردنانە فرە ڕەهەند بوە و لایەنی زانستی و ئاینیی و ڕەخنەیی گرتوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زەمەن وەک چەمکێکی فرە لایەن، هەموو ئەم تەعریف و پێناسانەی لەخۆگرتوە و هەلیمژیوە، چونکە ڕوبەری کارکردن لەزەمەندا فراوانە و وابەستەی ژیانە. ((زەمەن ئاماژەیە بۆ ساتەوەختێکی دیاریکراو)) (عشور، ٢٠١٧، ص٧) هەندێک باوەڕییان وایە کە زەمەن دیاریکراوەو دەتوانرێت بەپێی ئامێرو پێوانەی دیاریکردن، زەمەن بپێورێت. هەربۆیە لەو ڕوانگەیەوە زەمەنییان هەڵسەنگاندوەو قسەی لەبارەوە دەکەن. لەئەفسانەی کۆنی یونانیدا ((زەمەن، لەشێوەی پەیکەری جیاواز کە هەریەکێکیان وەک گیانداری درەندە، کە بە تێکدەری ژیان ناونراون و بەپێی زەمەن نەمر بوون، دیاریکراوە)) (عشور، ٢٠١٧، ص١٣) مەبەستی یونانییەکان لەم پێناسندنە ئەوەیە کە زەمەنییان دابەشی چەند قۆناغێک کردوەو بۆ هەریەکێکییان لەشێوەی گیانداری درەندە دیاریکردوەو پێیان وابووە کە زەمەن وەک درەندەیەک وایەو ژیان دەخوات.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

لاکردنەوە لە زەمەن، هەوڵێکە بۆ ناساندن و دیاریکردنی ژینگە و ژیان و شوێنی کارەکتەر و ڕوداو و بەسەرهات، خوێندنەوەیەکە بۆ دیوی ناوەوەی مرۆڤ و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی لایەنی زەینی و بیری مرۆڤ، هەربۆیە کاتێک کە باسی زەمەن دەکرێ یەکسەر چۆنێتی دو دیوی ژیان نیشان دەدات ئەویش فیزیکی (بایۆلۆژی ) و دەرونی! بەڵام نابێ ئەوە لەبیربکەین کە ئەم پۆلێنی زەمەنە وەک یەک لای فەیلەسوف و زانا و نوسەران، چون یەک نین و هەریەکەیان لە ڕوانگەی خۆیەوە پێوەر و پێوانەیان بۆ کردوە. ئەمیش پاڵپشت بە بابەتە تاقیکراوە زانستییەکانی خۆیان کە وا خوێندنەوە بۆ زەمەن دەکەن. لەگەڵ ئەوەی زەمەن دابەشی سەر سێ کاتی جیاوازی وەک: ڕابردو، ئێستا و داهاتو دەبێ، بەڵام ئەم پۆلێنکارییە ڕیشەیەکی درێژی هەیە و دەگەڕێتەوە سەربون و نەبونی مرۆڤایەتی! ئیتر لێرەوە بیروبۆچونی جیاواز لە دایک دەبێ و دەست پێ دەکات .

**٢. چەمک و زاراوەی زەمەنی دەروونی:**

ئەفلاتون ، وەک فەیلەسوفێک بەو پەری ئاگاییەوە لەسەر زەمەن هەڵوەستەی کردوە و گرینگی پێداوە، ئاگاداریش بوە کە زانایانی پێش خۆی لەسەر ئەم تۆخمە کاریان کردوە و جێگەی بایەخیان بوە، ئەگەر چی بۆچونە باوەکە پێداگیری لەسەر زنجیرەیی زەمەن کردوە و پێی وابوە هێڵێکی نەپچڕاوە، بەڵام ئەفلاتون باوەڕی وایە زەمەن ((هاوکاتی گەردوون هاتووەتە بوون، بۆیە هەردوکیشیان پێکەوە لەناو دەچن)) (کاکە سور، ٢٠٢١ ، ل١١٢) ئەم لەو سۆنگەیەوە قسە دەکات کە زەمەن سەرەتایەکی هەیە و دواجار کۆتاییشی هەیە، واتە زەمەن و ژیانی پێکەوە گرێداوە و پێی وایە تەواوکەری یەکدی بن، ئەو بڕوای وایە ژیانکردن بە جوڵەوە بەستراوەتەوە، هەرچەند جوڵە و بزاوتن هەبێ، ئەوا زەمەن و ژیانیش هەیە. زیاتر پێداگیری دەکات لەسەر سوڕی خولگە و جوڵەی هەسارەکان، بۆیە پێوانە و پێوەری زەمەن لای ئەفلاتون، جوڵەیە. واتە ئەوەی دەکەوێتە ژێر ئەم کاریگەرییە مرۆڤە، کە لە ئەنجامی زەمەن و جوڵەوە ژیانی ئەو بەردەوام دەبێت تا دەگاتە خاڵی کۆتایی! بەڵام (ئەرستۆ)ی قوتابی بە پێچەوانەی (ئەفلاتون) ی مامۆستای بڕوای بە ئەبەدییەتی زەمەن هەیە و پێی وایە زەمەن دەکەوێتە ((پێش گێتیەوە، بگرە پێی وایە گێتی خۆی لە (کات) دروست بووە و لەناوچونیشی نییە، مادام بە جووڵەوە بەندە)) (کاکە سور، ٢٠٢١ ، ل ١١١ - ١١٢) ئەم بڕوای وایە پێش ئەوەی مرۆڤایەتی دروست بێت، زەمەن هەبوە و هەتا کۆتایی ژیانیش هەردەمێنێ واتە وەکو چەمکێکی نەمری، دەمێنێتەوە ، ئەگەر چی پێی وایە زەمەن لە هەمو جوڵەیەکدا هەیە و چەند جوڵە خێراتر بێ، زەمەن خێراتر دەڕوا و بە پێچەوانەشەوە، چەند جوڵە کەمتر بێ زەمەن لەسەرخۆ دەچێتە پێش. لەلایەکی ترەوە ئەگەر لەڕوانگە ئاینییەکەی قەشە ئۆگەستین خوێندنەوە بۆ زەمەن بکەین، ئەوا وێنەیەکی جودای زەمەنمان دەست دەکەوێت، چونکە ئەو بڕوای وایە زەمەن: عەقڵی و خودی و ڕێژەییە و دەیبەستێتەوە بە هۆشیاری مرۆڤەکان، نەک جوڵە! ئەو بڕوای وایە زەمەن ئەوەندەی بابەتێکی خودی و هەستی بێ، ئەوەندە پەیوەست نییە بەجیهانی دەرەوە، ئەوە ئێمەین کە پێوانەی زەمەن دەکەین و زەینی ئێمەیە پێوەری بۆ دادەنێت، بۆیە بڕوای وایە زەمەن ((زادەی دابڕانێکی بەردەوامە لەنێوان سێ ڕواڵەتی ئێستادا)) (ڕیکۆر، ١٩٩٧، ل٥٣). واتە ئەو زەمەن بەخودی مرۆڤ دەبەستێتەوە و گرێیینادات بە جیهانی دەرەوەی هەروەها ئەو بڕوای وایە هەمیشە زەمەنی ڕابردو بەهۆی زەین و بیرکردنەوەوە لەئێستادا حازرە و هەمو زەمەنێك لەئێستادا دەبینێتەوە و بەکۆتایی نایەت، زۆر هەوڵیش دەدات خۆی لەزەمەن و ناسینی بشارێتەوە، هەر بۆیە دەڵێت ((گەر لێم نەپرسن، دەیزانم، بەڵام کاتێك لێم بپرسن و ڕونی

بکەمەوە، ئەوا ناتوانم)) (ئۆگەستین، ١٩٩١، ل٢٤٩). چونکە لای ئەم وایە کە زەمەن ئێستایە، خاڵی سەرەتا و دەستپێکی ڕابردوو و داهاتوە. هەمو کاتێك دەتوانی ڕابردو بە بیر خۆت بهێنیتەوە و بیکەیتە بەشێك لەزەمەنی ئێستایی! ئەو پێی وایە هیچ کاتێك زەمەن لەیادەوەری و هۆشیاری مرۆڤ دانابڕێ و ناپچڕێ، بەڵکو هەردەم لەگەڵیدایە هەر بۆیە لای ئەم کات نەمرە و نافەوتێ و نابێتە بەشێك لە ڕابردو.

سەبارەت بەڕاوبۆچونی زانایان و بەتایبەت زانایانی فیزیا و زانستە ڕێژەییەکان، پێیان وایە زەمەن و شوێن، دو توخمی وابەستە و گرێدراوی یەکدین و لەیەکتر جودا نابنەوە، لای ئەمان زەمەن لـەنێوان ڕێـژەیی و ڕەهاییـدا دابـەش دەبێـت و بـەپێی پێوانـە و پێـوەری زانسـتە فیزیـایی و ماتماتیکییەکان توخمەکە دەناسێن و هەر لەم ڕووەوە زانای فیزیایی ئیسحاق نیوتن (١٦٤٣-١٧٢٧) زەمەن دەکاتە دو بەشەوە ((ڕەها و ڕێژەیی، بەڵام زەمەنی ڕەهایی، زەمەنێکی ڕاستەقینەی ماتماتیکانەیە و سەربەخۆ نادرێتە پاڵ هیچ تەنێکی دەرەکی. بەردەوامیشە لەڕێ کردن)) (بدوی، ١٩٧٣، ل١٠٠) لێرەدا نیـوتن زەمـەنی ڕەهـایی وا دەناسێنێ کـە لـەتیرێك دەچێت کـە لەزەمـەنی ڕابردووەوە هاتوە و بەئێستا دەگات. دواتریش بەرەو داهاتو دەڕوات و بێ ئەوەی بەرەو دواوەوە بگەڕێتەوە و بوەستێ! بەڵام زەمەنی ڕێژەیی دەبەستێتەوە بەجوڵە و پێی وایە چەند جوڵە زۆرتر بێـت، زەمـەنیش زوتـر دەڕوات و بەپێچەوانەشـەوە، چەنـد جوڵـە کـەمتر بێـت، کـاتی زیـاتری دەوێـت، هـەر بۆیە ئـەو دابەشـكارییەی کـە کردویـەتی ڕوانگـەیـەکی فیزیایی وەرگرتـوە، هـەر لـەم بارەیەوە جوڵەی ئاسایی کە خۆی لەڕۆژ و مانگ و ساڵدا دەبینێتەوە، دەبێتە پێوەرێك بۆ زەمەنی ڕێـژەیی، لەسـەر ئـەم جـۆرەی زەمـەن، ئەنیشـتاینیش هـاوڕایی نیـوتن-ەو پێی وایە زەمـەنی ڕێـژەیی ((زەمـــەنێکی دەرەکی و میکانیکی))یــە (باشـلار، ١٩٨٦،ل ٣٣-٣٤)، کــە بــە پێوەرەکــانی هەستپێکراوی وەك (سەعات، ڕۆژ، هەفتە، مانگ و ساڵ) دەپێورێ. لەلایەکی ترەوە نوسەران و ڕەخنەگرانی بواری ئەدەب، لەسـەر ئەم توخمە قسـە و بۆ چـوونی جیاوازی خۆیان خستۆتە ڕوو. تێگەیشـتن لە چەمـکی زەمەن وابەسـتەی زیـرەکی و هۆشـیاریی نوسـەر و ڕۆمـانووس دەگەیێنێت کە تـا چەنـد توانیویانە زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسـەدا بکەن . لێرەوە هـێزی بێرگسـۆن (١٨٥٩-١٩٤١) دەکەیـنە نمـونەیەک بـۆ خوێنـدنەوەی زەمەن و ڕوانـگەی ئەو دەربـارەی ئەم تـوخمە دەخەیـنە بەرباس. چـونکە ئەوانەی لەسـەر زەمەن قسـەیان کـردوە و بۆچـونی خۆیان خستوەتە ڕوو جیاوازە لەگەڵ بۆچونەکانی وی، بێرگسۆن باوەڕی وایە زەمەن خودییە و پەیوەستە بە ناوەوەی مرۆڤ. هەروەها وابەستەی دەکات بە بیرەوە ، پێی وایە ((تاکە شـتێک کە خـودی بێـت، زەمەنە، چـونکە ئەوە ئـێمەین لەنـاو زەمەنـدا و ئێمەشـین لە ناویـدا دەجـوڵێینەوە و گەشـە دەکەیـن )) (جیـل دۆلـۆز ، ١٩٩٩ ، ل١١١) ئەو بـاوەڕی وایە زەمەنی ناوەوە کە ئەو دەڵێت زەمەنی دەروونی ، زیاتر پەیوەستە بە یادەوەری و پێوانە ناکرێ. واتە زیاتر (( وەک زەمەنێکی خـودیی و تـایبەت، ناکەوێتە ژێر هـیچ پێوەرێکی دەرەکی و پێوانەیەکی بابەتی! بەڵکـو پەنـا دەبـاتە بەر مۆنۆلۆگی نـاوەوە)) (قاسـم، ١٩٨٥، ص٧٣). واتە ئەم زەمەنە نادیارەو ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەناخی کارەکتەرەوەو هیچ ئاماژەیەکی پێوانە نییە تا هەڵسەنگاندنی وەک زەمەنی مێژوویی بۆ بکرێ. لەلایەکی ترەوە جیاوازی هەبوو لەناساندنی زەمەن لەنێوان بێرگسۆن و باشـلار. چـونکە بێرگسـۆن دژی بەسـتنەوە و لکانـدنی زەمەنە بە شـوێن، کە ئەمە خـاڵی جیاکەرەوەی بـوو لەگەڵ باشلار، کە ئەمەی دوهەمیـان زەمەنی بە شـتەکانی نـاوەوەی شـوێن دەبەستەوە، واتا لە ڕێی ئەو بابەتە ماددیانەی کە لەناو شوێندا هەن وەك: جلوبەرگ و تەواوی کەلوپەلەکانی تر خوێندنەوەی بۆ زەمەن دەکرد. بەڵام بێرگسۆن باوەڕی وایە زەمەن لەم ڕووەوە

سەربەخۆیە و پێی وایە زەمەنی دەروونی ڕێگایەکە یاخود هۆکارێکە بۆ ئەوەی ڕووداوی تری پێ بگێڕنەوە. واتا لە ڕێگەی ڕوداوێکەوە، ڕوداوێکی تر بگێڕینەوە یان لە ڕێگەی بەبیرهێنانەوەی زەمەنێك، زەمەنێکی تری پێ بهێننەوە یاد. هەر بۆیە لەناو ڕۆماندا کاتێك لەڕێی گێڕانەوەی ڕوداوێك لەزەمەنێکدا زۆرجار دەبێتە هۆکارێك بۆ باسکردنی زەمەنێکی تر، ئەم زەمەنە دەبێتە دەروازەیەك بۆ چونە ناو زەمەنێکی تر، لێرەدا ڕۆمانی (هەروا و تۆڕەیی)ی (ولیام فۆکنەر) بە نمونە دەهێنینەوە کە چون ڕۆماننوس بە شارەزایی زەمەنی کردوەتە هۆکارێك تا لەڕێگەیەوە ڕوداوێك بە ڕوداوێکی تر یاخود زەمەنێك بە زەمەنێك لەڕێی زەمەنێکی تر بەسەر بکاتەوە و بهێنێتە بەرباس. یان بەبیرهێنانەوەی شتێك بەشتێکی تر! هەر بۆیە لەڕوانگەی بێرگسۆن جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان دوجۆر زەمەندا دەکات ئەوانیش ((میکانیکی، کە پەیوەندی بە بۆشاییەوە هەیە و بۆ پێوان و ژماردنی پێوانە و چرکە و سەعات و ڕۆژ و هەفتە... ئەمە کاتێکی تێکەڵە و چونکە تێکەڵەیەکە لەکات و بۆشایی، بەڵام کاتی پاڵاوتەمان کە لەناو مێشك و دەرونی مرۆڤدایە و پەیوەندی بە بۆشاییەوە نییە وەك چەمکێکی بێ پسانەوە وایە کەتێیدا ڕابردو و ئێستا و داهاتو یەکپارچەیە و لێك جیانین)) (فۆکنەر، ١٣٩٥، ل٤٣).

لێرەدا دەردەکەوێت کە زەمەن لای بێرگسۆن، زەمەنێکی جەوهەری- دەرونییە و لەهۆشیاری مرۆڤدا ئەزمون دەکرێت. واتە هیچ پێوەرێك نییە بۆ پێوانەکردنی ئەم زەمەنە، چونکە لەنێو مێشك و بیری کەسەکەدایە و نەپچڕاوەیە و بەردەوام دەتوانرێت بەبیر بهێنرێتەوە، هەربۆیە زەمەنی ناوەکی (خودی) یاخود دەرونی. پێوەرەکەی سایکۆلۆجییەتی مرۆڤە و ئەمیش پەیوەستە بەو ڕوداوە خۆش و ناخۆشانەی کە هەمیشە لەهزری مرۆڤدا ماوەتەوە و نەفەوتاوە. لەگەڵ هەر یادکردنەوەیەك وەکو زنجیرە تەواوی زەمەنی ڕووداوەکان بەسەر دەکرێنەوە و دێنەوە گۆڕێ. واتا شوێنی گەشەسەندنی ئەم زەمەنە، زەینی مرۆڤە و بە بڕوای بێرگسۆن (بەردەوامی) سیفەتی ئەم زەمەنەیە و هیچ کات هێڵی گەیەنەری نێوان هەر سێ زەمەنی ڕابردو ئێستا و داهاتو، کاڵ نابێتەوە و ناسڕدرێتەوە، بەڵکو هەمیشە دەبێتە ئامرازێك کە تێیدا دۆخی تەواوی کارکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکەی پێ نمایش بکرێ و بەردەوامی پێ بدرێت.

بە واتایەکی تر، لای بێرگسۆن تەنیا یەك جۆر زەمەن هەیە ئەویش دەروونییە و بەپێی (ماوە) دورییەکەی دەپێورێت، کە ئەو (ماوە)یەش لەزەینی مرۆڤدایە و بەرجەستەکراو نییە وەك زەمەنی میکانیکی! هەر بۆیە دژی زەمەنی میکانیکیە و پێی وایە هیچ کاتێك زەمەنێك نییە لەدەرەوەی مرۆڤ، بەڵکو تەنیا یەك زەمەن هەیە و خودییە.  هەروەها لەڕێی ئەم زەمەنەوە ئاشنای دیوی ناوەوەی ڕوداو و بەسەرهات و کارەکتەرەکان دەبین و دەچینە نێو کرۆکی بیرکردنەوە و هزریانەوە. هەر بۆیە بڕوا وایە کە (( ئەم جۆرە پەیوەندی بە قوتابخانەی تەوژمی هۆشەوە هەیە. ڕێکخستن بەپێی کات و مێژوویی نییە، بەڵکو بەگوێرەی هەستپێکردنی ڕووداو، خوێنەر دەچێتە ئاوەزی کاراکتەری چیرۆکەکەوە)) (کەسنەزانی، ٢٠١٢، ل١٨٢). لێرەدا خوێنەر بەشێوەیەک تێکەڵی ڕووداوەکان دەبێ، دەبێتە بەشێک لە ڕووداو بەسەرهات و تەنانەت تێکەڵی بیرو ڕوانینی کارەکتەرەکە دەبێت، بەئەندازەیەک دەزانێ کە کارەکتەرەکە چۆن و لەچی بیر دەکاتەوە. چونکە سیفەتی زەمەنەکە وابەستەی ژیان و لایەنی سایکۆلۆجییەتی کەسەکانە. هەروەها ئامرازێکیشە بەدەستی ڕۆماننوسەوە کە شێوازی هەڵسوکەوت و جوڵە و ژیان کردن و توڕەیی و هەست و نەستی کارەکتەرەکان وێنا بکات. لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە لەئەنجامی تێکەڵ بونی زەمەن و خودی کەسەکان، ئەوا زەمەنی دەرونی دروست دەبێت، چونکە بە تێکەڵ بونی ئەم دو پێکهاتەیە، زەمەنی خودیی (دەروونی) دێتە گۆڕێ. هەر بۆیە

ئێستا بەشێکی زۆری ڕۆماننوسان کار لەسەر ئەم جۆرە زەمەنە دەکەن و دەیانەوێت زەمەنی تێدا چڕ بکەنەوە. هەروەها دەیکەنە ئامرازێک تا تەواوی پەیوەندی ڕووداوەکان، ببێتە هێلێک و بەیەکتری ببەسترێنەوە. چونکە ئەوەی ئەم زەمەنی لەلای خوێنەر قورس کردوە، بەدواداچوونەکەیەتی! واتا گەر هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ ڕووداوەکان نەڕۆی ئەوا زۆر بەئاسانی سەرەداوی ڕووداوەکان ون بکەیت و سەرئەنجام لەبابەتەکە نەگەیت. بۆیە ئیبن سینا بڕوای وایە کە (( مەرج نییە هەموو ئەو شتانەی لەناو زەمەندا دەدۆزرێتەوە، هەبن)) (وهبە، ٢٠٠٧، ص٣٣٩). لێرەدا ئەم قسەیە دەبێتە پاڵپشتییەکی زانستیی بۆ بۆچوونەکەی بێرگسۆن، کە پێی وایە زەمەن هەیەو پێوانە ناکرێ ئەویش زەمەنی سایکۆلۆژی یاخود، خودیی! کە هیچ پێوەرو پێوانەیەک ناتوانێ ماوەو خایاندنی ئەم زەمەنە بدۆزێتەوە، چونکە پەیوەستە بە ناوەوەی مرۆڤ و لەسەر بیرو هۆشی کەسەکە دەنیشێ. ئیتر لێرەوە ناوەندێتی زەمەن کۆتایی پێ دێت و ئەو کرۆنۆلۆژیایەی لە زەمەندا هەبوو بەسەر دەچێ هەر بۆیە نووسەران ((گێڕانەوەیان لەو قاڵبە جێگیرییە ترازاندو لەگەڵ کاتدا کەوتنە کێبڕکێ، بەوەی ئیدی پیرۆزی و یەکپارچەیی کات بووە خاڵێکی دوور)) (کەسنەزانی، بوشرا، ٢٠١٢، ل١٨٣) لێرەوە واتە لەدوای دەرکەوتنی پۆستمۆدێرنیزم کە وەک دیاردەیەک لەحەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە سەریهەڵدا، کۆمەڵێک گۆڕانکاری بەسەر بیروبۆچوونی فەلسەفی و ڕەخنەییدا هات و زۆر شت لەجێی خۆی نەمان، لەوانەش خوێندنەوە بۆ زەمەن و کارکردن تێیدا. ئەگەرچی تا ئەوکاتیش وا زەمەن دەبینرا کە دەکرێ بپێورێ، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی پۆستمۆدێرنیزم ئەم خوێندنەوەیە گۆڕاو زەمەنێکی تر پەیدابوو کە ئەویش زەمەنی (سایکۆلۆژی-ناوەوە) بوو. کە ڕاستەوخۆ پەیوەست بوو بەناخ و بیرو هۆشی کەسەکەوە.

**بەشی دووەم: زەمەنی دەروونی کاریگەری لەسەر دەسەڵاتی گێڕەرەوە لە دوو ڕۆمانی کوردیدا**

**١. زەمەن لە ڕۆمانی (مەسەلەی ویژدان)دا**

ئەم ڕۆمانە لە نێوان ساڵانی ١٩٢٧-١٩٢٨ نوسراوەتەوە، بەڵام تا ساڵی ١٩٧٠ و لەسەر دەستی د. ئیحسان فواد ئینجا چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ئەوەی ئێمە مەبەستمانە کاری لەسەر بکەین لایەنی (زەمەن)ە. ئاخۆ چۆن ڕۆماننوس مامەڵەی لەتەك ئەم توخمە گرینگەی ڕۆماندا کردوە و چی لەبارەوە خستوەتەڕوو. یاخود تا چەند شارەزایانە زیرەکی خۆی نیشانداوە و سودی لە تەکنیک و هونەری ڕۆماننوسی ئەوروپی بینیوە و لە ڕێی زەمەنەوە لەم ڕۆمانەدا بەگەڕی خستوە؟ یانیش تەنیا کارێکی لاسایی بوە و هیچ نوێکارییەکی وای تێدا نەکردوە. ئەمانە کۆمەڵێك پرسیار و لێکدانەوەن ئەشێ خوێنەر بە دوای وەڵامەکەیدا بگەڕێ و بیەوێ بزانێ تا چەند ڕۆماننوسانی ئێمە لە سەرەتا بەوپەڕی ئاگاییەوە لەسەر ئەم ژانرە کارییان کردوە و تواناکانی خۆیان دەرخستوە.

گێڕەرەوە، کە هەر خۆشی کارەکتەری سەرەکییە لە زاری ئەوەوە ڕوداو و بەسەرهاتەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەم بە چەند وێستگەیەکی جیاوازی ژیاندا تێ دەپەڕێ و بەسەری دەکاتەوە. زەمەن لەم ڕۆمانەدا وەکو ڕۆمانە سەرەتاییەکانی کە پێی دەڵێن (کلاسیکی) وایە، کە (سەرەتا، ناوەند، کۆتایی)یە واتا کرۆنۆلۆژیای زەمەنی پەیڕەوکردوە، واتا هیچ تێکشکاندنێکی زەمەنی لەم ڕۆمانەدا نییەو ناوەندێتیی زەمەنی، لەگەڵ شوێن ڕووداودا پاراستوە. بە وردی لە سەرەتای ژیانییەوە تا قۆناغێکی دیاریکراو لە تەمەنی بە وردی باسی دەکات. سەرەتا ڕۆماننوس بەمشێوەیە قسە دەکات و دەڵێت: **((ویلادەتم لە قەزای (هـ) بوو، لە بنەماڵەیەکی هەژار، باوکم لە شەڕی گەورەدا شەهید کرابوو، ئیتر بێکەس و بێ دەرەتان مابوومەوە بە دیار دایکێکی هەژارەوە کە**

**بە هەزار مەشەققەت و کولەمەرگی، نانی هەرزن و بەرماوەی گەورە ماڵان و هێندێ دانەوێڵەی پەیدا ئەکرد هەر بۆ ئەوەی منی هەتیو پێ بگەیەنێ لە مەکتەبدا، کە تازە کرابووەوە لە مەرکەزی قەزادا، بەڵام مەعەلئەسەف ئەم ئاواتانەی بە کورت و کوێری هاتە بەر هێندەی نەبرد، خوا ئەویشی بردەوە بۆ لای خۆی))** (جاف، ٢٠٠٨، ل١٥). لێرەدا گێڕەرەوە بەپێی زنجیرەی زەمەنیی، باسی سەرەتای لە دایک بون و مردنی باوکی و دواتر بە ئاواتی بەردەوامی خوێندن لە مەکتەب دەکات. کەدواتر بەهۆی مردنی دایکی تەواوی حەز و ئارەزووەکانی لە بەین دەچن و ئیتر ناتوانێ ئەوەی کە مەبەستی بووە پێی بگات. لێرەوە بە قۆناغی سەرەتا و دەستپێکی ژیانی گێڕەرەوە ئاشنا دەبین، هەروەها لەوەش دەگەین کە گێڕەرەوە. ئاوات و خۆزگەیەکی بۆ ژیان هەیە و بەڵام ئەوەی ڕێگرە لە بەردەمی سەختی ژیان و گوزەران و و نەمانی دایک و باوکێتی. لەلایەکی ترەوە ئەگەر بە وردی بەدواداچون بۆ ئەم ڕۆمانە بکەین. دەبینین گێڕەرەوە، بە پێی زەمەن ژیانی بە زنجیرەیەک یاخود، بە چەند قۆناغێک بۆ ئێمەی نیشان دەدات و دەکرێ بڵێین پۆلێنکارییەکی کردوە.

گێڕەرەوە، هەر وەکو باسمان کرد کە هەر خۆی کارەکتەری سەرەکی نێو ڕوداوەکانە بەردەوام دەبێت لە باس کردنی قۆناغێکی تری ژیانی، کە ئەمیش ئەڵقەیەکی تری زەمەنی ژیانە و دەڵێت: **((کە تۆزێ گەورە بووم و هۆشم کرایەوە، ئەوەندە ئەقڵم بەوە شکا کە ئەرکی بەخێوکردنی خۆم بخەمە سەر شان و بازووی خۆم بە تایبەتی خێرا خێرا دەیاندا بە گوێمدا ((هەتیو، شوکور گەورە بویت، بووی بە پیاو، مەعیشەتی خۆت ئیتر خۆت پەیدای بکە))** (جاف، ٢٠٠٨، ل١٥) لێرەدا گێڕەرەوە ئەرکەکەی لە چاو لێکردن لە دەست و بازوی ژیانی کەسوکارەوە گۆڕاوە بۆ ئەوەی پرسیار لە خۆی بکات کە ئیتر دەبێ خۆی خەمێك لە خۆی بخوات و خۆی ببێتە سەرچاوەیەک بۆ پەیداکردنی بژێوی، واتە ئەگەر تا دوێنێ بە تەمای دایک و باوکی بوبێ ئەوا ئێستا لە نەبونی ئەواندا دەبێ خۆی مشورێک بۆ ژیانی تەنیایی خۆی بخوات و نەبێ بە ئەرک و بارگرانی لەسەر ژیانی خەڵکی. ئەگەر تەماشای گێڕەرەوە بکەین دەبینین وێنەی ئەم کەسە لە ژیانی ڕاستەقینەدا هەیە و بەرچاو کەوتوە و دەشکەوێ. بۆیە یەکێک لە سیماکانی ڕۆمانی ئەم قۆناغە ئەوەیە ((هەر نووسەرەی بە پێی نیشتەجێ بوونی لە شارێکی کوردستاندا، مامەڵەی لەگەڵ ڕوداوە مێژووییەکان و ڕاستەقینەکانی ئەو ناوچەیەدا کردووە)) (محمد، ٢٠٢٤، ل١٥٤) واتە بەشێک لە ڕوداو و بەسەرهاتەکانی نێو ڕۆمان و چیرۆکی ئەم سەردەمە لە ڕوداوی ڕاستەقینەوە بە سود وەرگرتن لە خەیاڵ و ستاتیکا، دەقەکەیان بەرهەم هێناوە. ئەگەرچی ئەمە بەشێکە لەو ڕاستیەی کە ئیتر نوسەر ناتوانێ نکۆڵی لێ بکات، بەڵام بەرهەمەکانی ئەم سەردەمە زۆرتر واقیعی تر و نزیکترن لە ژیانی ڕۆژانە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان.

پاش ئەوەی گێڕەرەوە بەردەوام دەبێ لە باس کردنی خۆی بەشێوەی زنجیرەیی زەمەن دەڵێت **((کۆنە ئاشنایەکی باوکی ڕەحمەتیم، ڕۆژێ ڕەحمی تایسایەوە بەرامبەر بەم وەزعە ناخۆشەی من، بیستبووی کە کەمێ خوێندەواری ئەزانم، لەگەڵ خۆیدا بردمی بۆ لای دوکاندارێکی تاجیر، بەو غەرەزەی معاوەنەتی بکەم لە دوکانەکەیدا، بەڵام لە ئەوەڵەوە شعوورم بەوە کرد کە وەستای دوکاندارم غەلو غەشێکی زۆر ئەکات))** (جاف، ٢٠٠٨، ل١٦).لە وێستگەیەکی تری ژیانی گێڕەرەوەدا هەست دەکەین کە لەگەڵ ئەوەی بەدوای ژیان و کاردا دەگەڕێ. لەهەمان کاتیشدا زیندویی ویژدان و لایەنە مرۆڤایەتییەکەی ڕێگەی نادات کاری نارەوا و ساختە بکرێ و بۆیە هەڵوێست وەردەگرێ لەوەی کە لەبەردەمیدا ڕوودەدات و دەڵێت: **((-وەستا ئایا بەشەریعەت غەلو غەشکردن لە تیجارەتا حەلاڵە؟))** (جاف، ٢٠٠٨،

ل١٦). لێرەدا گێڕەرەوە، نەک بەپێی زنجیرەی زەمەنیی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، بەڵکو دەرکەتن و هاتنە نێو کۆڕی ژیانیشی هەر زنجیرەییەو هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێش دەڕوات. واتە گێڕەوەوە هیچ کاتێک تێکشکاندنی لە زنجیرەی ناساندنی خۆشی ناکات. پاش ئەم پرسیار کردنەی گێڕەرەوە کە دواجار بە (زۆراب) ناوی ئاشکرا دەبێ، لەلای کابرای تاجر بابەتێکی چاوەڕوان نەکرابووە، چونکە ئەم پێشتر لەسەر ئەم کارەی خۆی بەردەوام بوە و کەسێك نەبوە لە پرسیارێکی وادا ڕووبەڕووی ببێتەوە و لە هێلێکدا ڕایگرێت. سەرئەنجام کابرای تاجر بەمجۆرە وەڵامی زۆراب دەداتەوە و دەڵێت: **((هەرچی تەسهیلی مەعشیەت بکات بۆ خەڵکی جائیزە بەو شەرتەی قەتڵ و عەرز و ناموس بردنی تێدا نەبێ!))** (هەمان سەچاوە و لاپەڕەی پێشوو).

لەبەر ئەوەی زۆراب، خودان پەروەردەیەکی بێگەرد و بیرکردنەوەیەکی دروست بوە و هێشتا ژیان و خراپییەکانی دەروونییان تێکنەداوە، ئەم دۆخەی پێ سەیر دەبێ و بە ئاسانی بۆی قبوڵ ناکرێ بۆیە لەتاجری وەستای دەپرسێ **((ئەی مەسئەلەی ویژدان چییە؟))** (هەمان سەرچاوەی پێشوو) لەوەڵامدا وەستای دەڵێت: **((هەتیو لەمە زیاتر قسە مەکە!))**. (هەمان سەرچاوەی پێشوو). لێرەدا گێڕەرەوە کە هەمان کارەکتەری سەرەکیشە لەم قۆناغەدا لەڕوی دەروونییەوە ئەو ڕوداوانەی کە دەبینێ پێی قبوڵ ناکرێ، بۆیە ناچار ئەم کارە جێدەهێڵێ و هەروەك خۆی دەڵێت: **((لەپاش چەند مودەتێ کەتێ فکریم، بەو نەوعە لەلای وەستام ئیدارە ناکەم. مەجبوور تەرکم کرد، چووم بووم بە پیاوی تیجارێ کە هەقیقەت بەزاهیر پیاوێکی باش بوو، هیچ وەقتێ نوێژ و ڕۆژوی نەئەفەوتاند و هەمیشە مەسغوڵی ویرد خوێندن بوو))** (جاف، ٢٠٠٨، ل٢٠). لێرەدا ئەرکی گێڕەرەوە گۆڕانێکی بەسەردا هاتوە، ئەگەرچی جاران بێ نان و لانەبوو، ئەوا ئێستا کاری دەستکەوتوە و لەهەمان کاتیشدا دەتوانێت بەراورد بکات لەنێوان باش و خراپ! بەڵام مەرج نییە ئەم بەراوردکارییەی دروست و سەرکەوتوبێ، چونکە پێیوایە ئەم تاجرەی کە ئێستا کاری لادەکات، کەسێکی باش و بە تەقوایە، بەڵام دواجار ئەمیشی- بۆ دەردەکەوێت و دەڵێت: **((ئەمما ئەو گەزە کە کوتاڵی پێ ئەفرۆشت لەگەزی خەڵقی کورتتر بوو، و هەر وەقتێ معامەلەی تووتن یان شتێکی تری لەگەڵ فەقیرێك بکردایە، تێ ئەفکریم خەریکە بە تەواوی مەحوی بکاتەوە و کەماڵێ بێ ویژدانی و بێ ئینسافی سەرف ئەکرد))** (هەمان سەرچاوەی پێشو). زنجیرەی زەمەنی ئەم کارەی گێڕەرەوە لە لاپەرە ٢٠-٢٧ درێژەی دەبێت و تێیدا گێڕەرەوە ڕۆڵی بە ئاگا هێنانەوەو ئاشکرا کردنی ئەو بەسەرهات و ڕووداوانە دەگرێتە ئەستۆ، کە لە دەووروبەری ڕوودەدەن و وەکو چاکەخوازێک ڕۆڵ دەبینێ. بۆیە دەیەوێت زوو بەر بەکاری چەوت و ڕووداوی نەخوازراو بگرێت و نەهێڵێت دزی لە ئاغای بکەن، پاش ئەوەی لای ڕوون دەبێتەوە کە سەرکارەکە دزی لە ئاغاکەی دەکات، ئەمیش ئەمە قبوڵ ناکات و لە ئاغا دەگەیێنێ. سەرئەنجام ئاغا دێت و دەڵێت : **((درۆ ئەکەی دزیت کرووە!))** (جاف، ٢٠٠٨، ل٢٢). زۆراب، سەرەڕای ئەوەی خۆی وەک فریاد ڕەسێک دەبینێ بۆ ئاغاکەی و دەیەوێت ڕاستی ڕووداوەکانی لێ بگەیێنێ، بەڵام لە بەرانبەردا ئاغاکەی ئەم ڕاستیەی ناوێ. بۆیە زۆراب-یش سەرئەنجام هەموو ڕاستیەکەی بۆ ئاشکرا دەکات و دەڵێت: **(( منیش مەجبوور حیکایەتی دزێتی گەنم و جۆ و بەرتیل خواردنی سەرکارم بۆ گێڕایەوە))** ( هەمان سەرچاوەی پێشو) لێرەدا گێڕەرەوە دەیەوێت بوونی وەک کارەکتەرێکی سەرڕاست و پابەند بە بەها پەروەردەیی و ئەخلاقییەکان نیشان بدات. ئەم ڕۆڵە بە خۆی بدات کە ڕێگرە لە کاری دزێو! بەڵام لە بەرانبەردا خاوەن کارەکەی ئەم ڕاستیەی ناوێ و سەرزەنشتی دەکات و دەڵێت : **((- تۆ درۆ ئەکەیت! من پیاوی خۆم ئەناسم دزی لەمن ناکەن. هەر ئەو پیاوانەن**



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥
Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**كە تا ئێستا دە کەسیان بەبێ قەباحەت هەر لەبەر ئارەزووی من بۆیان کوشتووم ...... ئەوەی هەمە لە سایەی چوار پێنج پیاوی وەکو ئەمانەیە!))** ( هەمان سەرچاوە پێشو) .

زۆراب، پاش ئەوەی تێدەگات ئەوەی ئەم هەوڵ بۆ دەدات و کاری بۆ دەکات لە چوارچێوەی کاری باش و خێری هەموان، لای هەمو کەسێک وەکو پێویست نییە بۆیە سەرئەنجام ئەو شوێن و کارە جێدەهێڵێ. هەوەک خۆی دەڵێت: **(( لەپاش ئەوەف چەند مودەتێک لەلای تیجارێ ئاغام مامەوە. موازەنەم کرد لەلای ئەو دانیشتن بۆ من فائیدەی نییە. هەڵسام لەگەڵ کاروان لەشار دەرچووم. بۆ ڕۆیشتنم بۆ قەزایەکی تر))** (جاف، ۲۰۰۸، ل۲۷). ئیتر لێرەوە قۆناغێکی تر لەژیانی گێڕەرەوە دەست پێدەکات. واتە لەڕوی زەمەنەوە قۆناغێکی نوێ لەژیان و بیر و کاری گێڕەرەوە! بۆیە زۆراب لەم قۆناغە نوێیەدا پلان و بەرنامەیەکی نوێ بۆ ژیانی سەربەخۆی و کاری تایبەت بەخۆی دادەنێت و دەڵێت: **((هۆدەیەکم دۆزییەوە بە پارەیەکی هەرزان. شەوێ تێ فکریم کە ئایا لەم قەزایەدا چۆن گوزەران بکەم؟ کە بیرم کەوتەوە خۆ من کوێرە خەتێکم هەیە، ئەی بۆ نەچم بۆ سەرای حکومەت وە بە ئیستدعا نووسین نانێ پەیدا نەکەم؟))** (هەمان سەرچاوەی پێشو).

پاش ئەوەی کە ڕوون دەبێتەوە کە کێرڤی نیشاندانی کەسێتی زۆراب، هەڵبەزو دابەزی زۆر تێدایەو ناتواندرێت لەسەر یەک هێڵ نیشان بدرێت، بەڵام تێکشکاندنێک لەم کەسێتییەدا بەدی ناکرێ و ڕۆماننوس هەمیشە پابەندی ناوەندێتیی بڕیاری گێڕەرەوەی هەمووشتزانەو لەڕێی ئەوەوە بەرەو ناسین و ڕووداوەکان دەچین، گەر ئەو نەبێ ئەوا هیچ کەسی تر بۆی نییەو ڕێگەش نادرێ باسی ڕووداو بەسەرهاتەکانی نێو ئەم ڕۆمانەمان بۆ بکات. هەر بۆیە گێڕانەوەکە لەسەر یەک ڕێڕەوو بەردەوام دەبێت. دواجار لێرەدا، زۆراب حاڵی خۆی بەیان دەکات کە کۆلکە خوێندەوارییەکی هەیە! دەیەوێ لەم ڕێیەوە بژێوی ژیان پەیدا بکات و چاوی لە دەستی کەس نەبێت. چونکە لەو سەردەمەدا ژیانی شار بەهۆی فرتوفێڵی بازرگانان و قەرز و سو وەرگرتنی زۆری خاوەن قەرز، کارێکی خراپ و ناجۆریان دروست کردبوو. نووسەر بە وردی هەوڵی خۆ پێگەیاندنی زۆراب دەخاتەڕوو. ئەگەرچی لەسەرەتای هەوڵەکانیدا شکست دەهێنێت، بەڵام بێزار نابێ، چونکە ئەگەر تەماشای ڕابردوو و ژیانی (زۆراب) بکەین بە چەند زەمەنێکی قورس و یەک لەدوای یەک و ناهەمواردا گوزەری کردوە، بۆیە سەرئەنجام دەیەوێت لەڕێی کارێکەوە و پاڵپشت بەو نیمچە خوێنەوارییەی (کە نەیدەتوانی هەموو نوسراوێك بخوێنێتەوە) خۆی پێ بگەینێت. ئەم هەوڵدانە دەچێتە خانەی خەون بینین بە ماڵ و سەرمایە و دروست بون! ئەگەرچی زەمەنیش بگۆڕێ، بەڵام ئەم حەز و ئاواتە لای کەسانێکی وەك (زۆراب) ناگۆڕێ و گەشەش دەکات. هەر بۆیە دەڵێت: **((کە چاوم گێڕا تەنها دوو سێ عەرز و حاڵچی مەوجوودن، کە بە سیمایاندا و خەڵکی دەوریاندا، ئەوزاعیانم بە خراپ نەزانی ئیتر منیش قسوورم نەکرد. هەر لەو نزیکانە چەن تەبەق کاغەز و دوو سێ ئووچ و هێندێ مەرەکەبم کڕی و لە سووچێکی بەر دەروازەی سەراکەدا دەرگا و دووکانی خۆمم دامەزراند))** (جاف، ۲۰۰۸، ل۲۷).

لێرەدا گەڵگەڕانەوەیەک لەکەسێتی زۆراب-دا بەدی دەکرێ و هەست بەجۆرە بازدانێک یاخود، هەڵگەڕانەوەیەک لە دەروون و کەسێتی (زۆراب)دا دەکرێت، چونکە کاتێک تەماشای خەڵکی دەووروبەری عەریزە نووسەکان دەکەیت. بۆی دەردەکەوێ کە ئەمانە خەڵکێکی هەبونن، بۆیە ئەمە سەرەتایەک دەبێت لە بیر و ژیانی گێڕەرەوە و وەرچەرخانێک لەم کەسێتییەدا دروست دەبێت، واتە: لە کەسێکی پاک و بێگەردەوە بۆ کەسێک کە هەوڵی خۆ دەوڵەمەندکردن دەدات،

جـا بە هەر ڕێگـایەک بێ! ئەگەرچی لای ئەو ڕوون بـوەتەوە کە تەنیـا ڕێگـای ناشـەرعی دەبێـتە مـایەی بەختیـاری، چـونکە پێشـتر وەک کەسـێکی چاکەخواز و سـەر ڕاسـت هـیچی لە دۆخ و گـوزەرانی نەگـۆڕی ئەگەرچی زۆریـش هەوڵیـدا، بەڵام دواجـار بە دڵشـکاوی وازی هێنـا! ئێسـتا دەیەوێت ئەمیش پێ بگات، بەڵام بەخت یاوەری نابێ، چونکە هێشتا لە فرتوفێڵی ڕوداوەکان نەگەیشـتوە و ڕێگـای دەسـتکەوت و خـۆ دەوڵەمەنـدکردنی نەدۆزیـوەتەوە بـۆیە پـاش ئەوەی (عەریزەیـەک) دەنـووسێ و جەنـابی بەڕێـوەبەری دائـیرەکە بـۆی ناخوێنـدرێتەوە، بـۆیە ڕووی تێدەکات و دەڵێت: **((ئەم دەستبرینە چییە؟ تۆ مادام نازانی بنووسی، بۆچی خۆت کردووە بە عەرز و حـاڵچی؟... هەر ئێسـتا حەواڵەی پۆلیسـخانەی ئەکەم و ئەوڕاقـت لە حەق بگـرن. ئەمجا چاوت بە خـۆت ئەکەوێت))** (جاف، ٢٠٠٨، ل٢٨) لێرەدا کاری گێڕەرەوە نیشاندانی حاڵی خۆیەتی کە دەیەوێت ڕێگە چارەیەک بدۆزێتەوە تا ئەوەی ئەو لە ژیان چاوەڕێیتی، چنگی بکەوێت! بەڵام دواجار پێچەوانەکەی دەبینێتەوە. ژیان، بە شێوەیەکی زەمەنی زنجیرەیی کە تا ئێستا، لە قازانج و دەرخستنی (زۆراب)ی گێڕەرەوە نەبووە، بەڵکو هەمیشـە ئەم شکسـتەی لە وێـستگەیەکدا سـپاردوە بە شکسـتێک لە وێـستگەیەکی تـرا! پـاش ئەوەی ڕەوانەی بەنـدیخانە دەکرێ، بەمشـێوەیە فریـاد ڕەسـێک دەبێـتە ڕزگارکەری و خـاڵی هەڵگەڕانەوە لە ژیـانی زۆراب! لێرەوە قۆناغێکی نوێ لە ژیانی دەست پێدەکات و دەڵێت: **((حاسڵ بردمیان بـۆ پۆلیسـخانە، لەوێ تەقریرییان وەرگرتم. کابرایەک کە نەختێ دۆستم بوو بـوو بە کەفیلم و بە کەمالی عاجزییەوە گەڕامەوە... شەوێک کەفیلەکەم هاتە لام و وتی:**

**- عەزیزم عاجزی فائیدەی نییە، هەڵسە بڕۆ عیلاجی خۆت بکە!**

**- عیلاجم چییە؟**

**- پارەت هەیە؟**

**- بەڵێ ڕەئیس موعتەمەدێکی هەیە، بچۆ تەشەبوسی پێ بکە!**

**- ئاخر نایناسم؟**

**- مەلاق مەکەم من دێم لە تەکتا))** (جاف، ٢٠٠٨، ل٢٩).

لێرەدا زۆراب، پـاش تـاقیکردنەوەی هەمـوو ڕێگـە ڕاسـتی و دروسـتەکان بـۆ دەرکەوتـنی ژیـانی و پەیداکردنی پارویەك نان، سەرکەوتو نابێ! ئیتر، ڕێگایەکی تر دەگرێتە بەر بۆ دەرکەوتنی ئەستێرەی بەختی. بەو هیوایەی بگات بە ئامانجی خۆی! یان بازی بەخـت کە ماوەیەکە شانی چەوت و لاری زۆرابی نەبینیوە، ئیتر بینیشێتەوە و لەم نەهامەتیە ڕزگاری بێ. هەر بۆیە ئەمیش چیتر سڵ لە خــۆ پێگەیانــدن ناکــاتەوە. تــا ســەرئەنجام لەگەڵ هــاوڕێکەی دەڕواتە لای **((کــابرای موعتەمید... خۆی لە سەدری مەجلیسەوە دانیشتبوو... پڕە لە ئینسانی ڕەش و ڕووت... تا هەمویان هەڵسان، وە بە مەحرەمانە شەرەفیایی حوزووری موعتەمید بووم و ئەوەی لازم بوو جێبەجێم کرد و گەڕاینەوە))** ئیتر زۆراب بۆی دەردەکەوێ کە پارە دەتوانێ دۆخی سەختی ژیانی بگۆڕێ و تەنانەت گۆڕانکاری لەسەر پێگەی کەسێتی و ناسنامەی بکات و بیکاتە کەسێکی ڕێـز لێگـیراوی حیسـاب بـۆ کـراوو. بـاش دەزانێ هەمـوو ئەم ڕووداوانەی کە ڕوودەدەن و ئەوەی قسەو بیری باش و ڕێنمایی و ئامۆژگاری هەیە، ناتوانێ چاکی بکات و بیگۆڕێ، بەڵکو پارە هەمو شتێک چارە دەکات و لەناو کۆمەڵگای سەرەتاییدا دەتکاتە خودان پێگەی بەرز، بۆیە دەڵێت: **((سبەینێ تەماشام کرد کە چوومەوە پۆلیسخانە، گەزی چی و جاوی چی؟ ئەو ساکە بە پێوە ئـەوەسـتام، ئێسـتا دامئەنـێن ئەوسـا کە بە حـاڵ مەیـدانی قسـەم بـوو، ئێسـتا مـونتەزیری گفتوگۆی منن...**

**- ئیشت چییە بۆت بکەم. ئەوا ئەوراقەکە لابردی؟**
**- قوربان ئیشم هەر ئەوەیە مەئزوونم بفەرموون بۆ ئیتیدیعا نووسین.... دەرحاڵ ئەمرێکی نووسی.... زۆراب ئەفەندی کە ئەسڵەن خەڵکی ئێرەیە و.... خەتی جوانە ئیتیدعا نووسین بۆ هەموو کەس مەمنوعە منیش بە کەماڵی مەمنوونییەوە ئەمرەکەم وەرگرت و دام بە ڕەئیسی بەلەدیە. دوو عەرزوحاڵنووسی فەقیر کە دراوسێی دووکانم بوون.... بە ئەمری بەلەدیە مەنع کران))** (جاف، ٢٠٠٨، ل٣١) لێرەدا گۆڕانی ڕاستەقینە بە سەر کەسێتی گێڕەرەوەدا دێت، گۆڕانەکە دەروونییە، جاران کەسێکی پاک و بێگەرد و هاوکار بوو، یارمەتی هەژار و بێ دەسەڵاتانی دەدا و دەبوە بەرگریکاریان، بەڵام ئێستا پێچەوانە بوەتە کەسێکی بەرتیلچی و نانبڕ! واتە گۆڕانێک بەسەر کاری گێڕەرەوەدا هاتوە و کردویەتی بە کەسێکی گەندەڵ، ئەمیش قۆناغێکی نوێی ژیانی گێڕەرەوەیە، واتە خاڵێکی وەرچەرخانە لەژیانی ئەم و چیتر نابێتەوە بەو کەسە پاکەی کە هەمیشە بەرژەوەندی گشتیی پێش بەرژەوەندی تایبەتی دەخست. بەڵکو ئێستا لە سێرەی بەرژەوەندی تایبەتییەوە لە شتەکان و دەوروبەر دەڕوانێ. ئەگەر سودی بۆ خۆی تێدا بێ، ئەوا یەکسەر جێبەجێی دەکات و سڵی لێ ناکاتەوە، ئەگەرنا ڕێگر دەبێ و نایەڵێ کەسی تر سود و قازانجی لێ ببینێ. بۆیە ئەگەر تەماشای زەمەنی جوڵە و دەرکەوتنی ئەرکی گێڕەرەوە بکەین دەبینین هەنگاو بە هەنگاو دەردەکەوێ، چونکە ئەمیش یەکێک بوە لە خاسیەتەکانی نوسینی ڕۆمان لەو سەردەمە هەر بۆیە ((چیرۆکنوسانی بەراپی بە هێڵێکی ڕاست چەشنی زنجیرەیەکی یەك بەدوای یەکدا هاتووی زەمەن و بە پێی هەمان ڕیزبەندی ڕوداو و بەسەرهاتەکان پێشکەشی گوێگری دەکەن)) (قاسم، ١٩٨٥، ص٥٠٠)

هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر لە ڕوی زەمەنی خودییەوە بڕوانینە (زۆراب)ی گێڕەرەوە، ئەوا هەر زو هەستی بەو گۆڕانە دینامیکیانە دەکەین کە ئەم کارەکتەرە بەسەریدا هاتوە. واتە لە سەرەتاوە لەسەر هێڵێکی دەرونی هاتوە و تا گەیشتوەتە ئەم زەمەنە، دواتر گۆڕانێک دروست دەبێ کە کاریگەری لەسەر تەواوی ژیان و داهاتوی دەکات، سروشتی ئەرکەکەی گۆڕاوە. چونکە ئەم جۆرە زەمەنە پەیوەستە بە لایەنی ناوەوەی مرۆڤ و نمایندەی گرفت و ململانێی کەسێتییەکان دەکات. هەر بۆیە لەگەڵ هەر هەڵچون و بیرکردنەوە و جوڵەیەکی گێڕەرەوە، کە بڕیارو بیرکردنەوەشی دەگۆڕێ. دەبێت بە کەسێکی تر! هەر لەم بارەیەوە گەر دیقەت بدەین دەبینین ئەم جۆرە زەمەنە لە تەواوی ژیانی (زۆراب)ی گێڕەرەوەدا هەیە و لەم بارەیەوە دەڵێت: **((هەرچەند قەلبەن موتەئسیر بووم بۆیان کە نانم بڕین، ئەمما لەبەر ئەوەی وەزعی موحیت وای تەقازی ئەکرد کە هەموو شەخس سەعادەتی خۆی لە فەلاکەتی هاوجینس و هاوزمانی خۆیدا ئەبینێ، منیش سەرفی نەزەرم کرد لە ویژدان و وتم بە جەهەننەم ئەممرن لە برسا بەگونی بارگیرمەوە! با خۆم مەسعود بم، ئەبێ ئینسان تابعی موحیت بێ))** (جاف، ٢٠٠٨، ل٣١) ئەو گۆڕانە خێرایەی کە بەسەر کەسێتی (زۆراب)دا هاتوە ئەوەیە کە ئەم مرۆڤە لە کەسێکی چاکەخوازی گشتییەوە بوە بە کەسێکی بەرژەوەندخواز و دیلی مەبەست وی ئامانجی ژیانی تایبەتی خۆی بوە و بەلای ئەوەوە گرینگ خۆیەتی! جا بەرانبەر چی لێ دێت و چی دەگوزەرێت، گرینگ نییە. جارێکی تر ئەم کارەکتەرە لەسەر بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی توشی شکست دەبێت و ناچار بۆ هەڵخەڵەتاندنی چاوی بەرانبەر فۆرمێکی نوێ و بە زمان و قسەیەکی تر بێتەوە سەر شانۆی ڕوداوەکان، دوای ئەوەی لەسەر دزێتی و گەندەڵی بە کارەکەی دوری دەخەنەوە و بێ کار دەبێت، ڕێگە چارەیەک دەدۆزێتەوە تاجارێکی تر لەوێوە خۆی بکاتەوە ناو ڕوداوەکان و بێ بەش نەبێ لەوەی کە هەیە. چونکە ئەم زەمەنە پەیوەستە بە هەڵسوکەوت و


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

لایەنی دەرونی ناوەوەی کارەکتەر، لە هەر کاردانەوەیەکدا، بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتیشی دەگۆڕێت بۆیە **((مەئموری تەحقیقات.... ئەوراق لە حەق گرتین کە یەکێ لەوانە من بووم.... تەودیع بە مەحکەمە کراین .... ئەمما لەبەرئەوەی کە لە وەقتی خۆیدا ئەهالیمان چاک ترساندبوو .... مەحکەمە مەجبوور بوو بە تەبریە کردنمان))** (جاف، ٢٠٠٨، ل٣٨) پاش ئەم شکستەی کە بەسەر ئەرکی گێڕەرەوەدا هاتوە، جارێکی تر دەیەوێت بە بەرگێکی نوێوە بێتە مەیدان هەر بۆیە دەڵێت **((تێ فکریم هەروا بمێنمەوە خراپە، .... لە دڵی خۆمدا قەرارم دا .... خۆم بکەم بە وەتەنی .... خۆم بە لیباس ڕازاندەوە و باستۆنێکی باشم گرت بە دەستەوە جانتایەکم پڕ کرد لە کاغەزی سپی و کتێب کە ئەکسەریانم نەئەزانی خۆم بیخوێنمەوە .... لە هەر کوێ دائەنیشتم دەستم ئەکرد بە باسی وەتەن و ئیستیقلالیەت وە لە زەتی سەربەستی و ئازادی))** (جاف، ٢٠٠٨، ل٣٩) لێرەدا کارەکتەر بەهۆی شێواوی دەرونی بۆ ژیانێکی شاهانە و لە پێناو دەستکەوتنی، ناچار دەبێت بەرگی خۆی بگۆڕێ و کارەکەشی بگۆڕێ، تا سەرئەنجام ئەوەی مەبەستێتی بە دەستی بهێنێ. ئەوە بۆیە کاتێک کە ژیان لەبەرژەوەندی ئەو دەڕوات. بەپێی بەرژەوەندییەکانی قسە دەکات و هەڵسوکەوت دەکات، بە پێچەوانەشەوە ئەوا دەبێتە کەسێک وەک فریاد ڕەسێك خۆی نیشان دەدات و پێی وایە بە بونی ئەو دۆخی لار و کەچ چاك دەبێتەوە. ئەمانە زیاتر کەسانێک هەڵپەرستن، گەر لە ڕوی دەروونی و هەڵسوکەوتەوە لێیان ورد بیتەوە زیاتر مرۆڤگەلێکن کە بە ئاسانی ناتوانی مەبەست و ئامانجیان دیاری بکەیت! چونکە هەموکار و کردەوەیەکییان وابەستەی لایەنی

بەم شێوەیە قۆناغێکی تر لە زنجیرەی زەمەنی هەڵکشان و داکشانی ئەرکی گێڕەرەوە دەردەکەوێت و خۆی لە بەرگێکی دیکەدا نمایش دەکات و دەیەوێت ئەوەی لە بەرژەوەندییەکانی ئەوە کاری بۆ بکات و هەوڵی بۆ بدات، چونکە ئەرکی گێڕەرەوە فرە ڕەهەندییە و دەیەوێت ئەو ڕێگایانە بگرێتە بەر کە دەبنە هۆی دەرخستنی، هەڵبەتە ئەمە یەکێکە لە سیماکانی ڕۆمانی کۆن و هەمیشە ڕۆماننوس کار لەسەر ئەم لایەنانە دەکات کە دەرخەری ئەرکی گێڕەرەوەن. چونکە گێڕەرەوە هەر خۆی سەرچاوەی زانیاری ناو دەقەکەیە و لە ڕێی ئەوەوە ئاشنای ناو بەسەر هات و ڕوداو و ناسینی کارەکتەرەکان دەبین.

**٢. زەمەن لە ڕۆمانی (ژانی گەل)دا.**

ئەم ڕۆمانە لە ساڵی ١٩٧٢ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ئەوەی ڕونە ئەوەیە کە ئەم بەرهەمە بە پێی قسەی نوسەرەکەی بێ. لە ساڵی ١٩٥٦ نوسیویێتی و ((پێشکەشی شۆڕشی گەلی جەزائیر دژی داگیرکەری فەرەنسی کراوە)) (ئەحمەد، ٢٠٠٢، ل٧) هەر لەسەر ئەم مێژوە ناکۆکی لەنێوان نوسەران و ڕەخنەگران هەیە و هەندێکیان قسەیان لەسەر ساڵی نوسین و تەنانەت مەبەستی نوسینەکە هەیە. هەر بۆیە بەشێکیان تەنیا ئاماژەیان بە ساڵی چاپکردنەکە کردوە و خۆیان لە ساڵی نوسینەکەی بواردوە. حەمە سەعید حەسەن، بڕوای وایە کە ئەم ڕۆمانە درەنگتر لەو ساڵەی کە ئاماژەی پێکراوە ١٩٥٦، نوسراوێ، چونکە پێی وایە کە ئەوەی ئەو لە هەندێک بەشی ڕۆمانەکەی ئاماژەی پێداوە یان پێشبینی کارێکی لێهاتو و بلیمەت بوە، یانیش بەرێکەت ئەم بابەتەی باس کردووە.

ڕۆماننوس، پێچەوانەی ڕەوتی نوسینی ڕۆمان لە سەردەمەکەی خۆیدا ڕۆمانەکەی نوسیوە و لە بەشێکی ڕۆمانەکەدا پابەندی کرنۆلۆژیای زەمەن نەبوە و ڕوداوەکانی پێش و پاش کردوە و سودی لە تەکنیکی فلاش باکیش بینیوە، ئەمە سەرەڕای نوسەر لە ڕێی شەپۆلی هۆش کە تا ئەو سەردەمە دواتریش کەم نوسەری کورد ئاشنای ئەم ڕەوتە بون، بەکاری هێناوە لە

ڕۆمانەکەدا کاری لەسەرکردوە. ئەمەش بەڵگەی وریای و ئاگایی نوسەر دەگەیینێ و هەر بۆیە لە نوسینی بەرهەمەکەدا شارەزایانەتر کارەکەی ئەنجامداوە، ئەگەرچی ئەمیش لە هەڵە و کەموکوڕی و ڕەخنە بەدەر نەبوە. ڕۆماننوس، ڕۆمانەکەی بۆ (١٩) بەش دابەشکردوە. شارەزاییانە کاری لەسەر تێکشکاندنی زەمەنی گێڕانەوەو ڕەوتی ڕوداوو بەسەرهاتەکان کردوە. هەر بۆیە لە (٥) بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەدا، نوسەر زیرەکانە ڕێکخستنی بۆ بەشەکان کردوەو جیاواز لەوانی پێشخۆی نوێکاری کردوە، چونکە کاتێك ڕۆمانەکە دەخوێنیتەوە سەرەتا لە بەشی (٥)ەمەوە دەست پێدەکات و دواتر بەشەکانی: ١، ٢، ٣، ٤ پاشان بەرەو بەشی ٦، ٧ هەتا دەگاتە ١٩، دەڕوات. واتە: لە (٥) بەشی یەکەمدا زەمەنی تێکشکاندوە و ڕەوتی مێژووی زەمەنی لەم (٥) بەشەدا گۆڕیوە. بۆیە نووسەر خۆشی ئەو ڕاستییەی درکاندوە کە گێڕانەوەی داستانەکەی بۆ دوانزە ساڵ خستوەتە پاش و دەڵێت: (بەر لە دەست پێکردنی ئەم داستانە بە دوانزە ساڵ پاش نیوەڕۆیەکی هاوین جوامێر بەدڵی خۆش و گیرفانی پڕەوە لە دایەرە ئەگەڕایەوە...) (ئەحمەد، ٢٠٠٢، ل٤٦).

دواتر ڕوداو و بەسەرهاتەکانی داستانەکە دەگێڕێتەوە، بۆیە تەکنیک و میتۆدی نوسینی ئەم ڕۆمانە لە سەردەمی خۆیدا نوێ بووە، چونکە ئەوەی زانراوە لەو سەردەمەوە تا ساڵانێک دواتریش گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکان بەشێوازی کلاسیک سەرەتا، ناوەند، کۆتایی بووە. ئەگەرچی ئەمیش لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان پەنای بردوەتە بەر گێڕەرەوەی هەمووشتزان، بەڵام زەمەنی کەرت کردوەو ڕوداوو بەسەرهاتەکانی بەتایبەت لەو پێنج بەشەی ئاماژەمان بۆکرد، پاش و پێش کردوەو پابەندی ناوەندێتی نەبووەو ئەو یاسایەی کە ئەرستۆ بۆ زەمەن "سەرەتا، ناوەند و کۆتایی" پێشنیازی کرد، ئەم شکاندویەتی. هەر بۆیە شارەزاییانە پێش و پاشی بە ڕووداوەکان کردوە. هەر بۆیە کاتێک کە دەبیینین گێڕەرەوە بەم شێوەیە باسی دیمەن و ساتی ئازادبوونی (جوامێر)ی کارەکتەرمان بۆ دەکات و دەڵێت **(لەڕو لاواز و شڕۆڵە، لە بەشی پێشەوەی پاسێکا، لە نێوان لێخوڕ و ژەندرمەیەکی لۆزەندەردا دانیشێنرا بوو دەستی ڕاستی لەگەڵ دەستی چەپی ژەندرمەکە کەلەپچە کرابوو، ئۆتۆمبیلەکەشیان هەڵتەک هەڵتەک ڕێگەی پڕ لە هەوراز و نشێوی شاری (چ....)ی گرتبووەبەر، ئەویش بیری نەسرەوتی وەکوو وێڵ ئەسوڕایە، بێ ئەوەی بە شتێکەوە بگیرسێتەوە)** (ئەحمەد، ٢٠٠٢، ل١١) گێڕەرەوە بە وردی باسی ئەو ساتە وەختەمان بۆ دەکات کە (جوامێر) پاش بەسەر بردنی (١٠) ساڵ لە بەندیخانە ئازاد دەکرێ و بە شێوەیەک دۆخەکە یاخود دیمەنەکەمان بۆ باس دەکات و دەیهێنێتە پێش چاو، کە شایانی بەزەیی پێهاتنەوە بێ. لێرەدا گێڕەرەوە ئەرکەکەی نمایشێکە تا کار لەسەر هەست و نەستی خوێنەر بکات و پەیامەکەی پێ بگەیەنێت، لێرەدا هەست دەکەی مەبەست و ئایدیای نووسەر لەگەڵ گێڕەرەوە ئاوێتەبوون و دەیەوێت ڕق و توڕەیی خۆی لە دەسەڵات لە ڕێی گێڕەرەوەکەیەوە، دەربخات. ئەگەرچی لە هەندێ شوێن دەسەڵاتی نووسەر یاخود ئایدیای هەستی پێ ناکرێت، بەڵام خوێنەری وریا و ڕەخنەگری زیرەک ئەم کاریگەر بوون و کارلێکردنە بەدەردەخەن و دەیدۆزنەوە. لە لایەکی تر، گێڕەرەوە زۆر بە جوانی باسی ساتی بیرکردنەوە یاخود خەیاڵی (جوامێر) دەکات کاتێک لەنێو ئۆتۆمبێلەکەدا، جەنجاڵیان کردبوو، کە بە شێوەیەک ئاگای لەدەوروبەری خۆی نەمابوو. بۆیە گێڕەرەوە بەم شێوەیە باسی ئەم دیمەنەمان بۆ دەکات.

**((گێرمە و کێشەی دیار و نادیاری دواڕۆژ و ڕوداوی ناخۆش و پڕ بیرەوەری ڕابردو لەسەریا وەک پوورە هەنگ و ورووژابوون، کاس و وڕیان کردبوو. نە ئەیزانی چارەیە بۆ ئەویان بدۆزێتەوە، نە ئەشی توانی خۆی لە دەس ئەمیان ڕزگار بکات))** (ئەحمەد، ٢٠٠٢، ل١١)

لـێرەدا نووسـەر، لەڕێی گـێڕەرەوەکەیەوە، زەمەن تێکدەشـکێنێ و بـاسی نـاوەوەی کەسـێتی جوامێرمان بۆ دەکات، کە لەڕووی دەروونییەوە پڕە لە خەم و بیرەوەری تاڵ و ئیش و ئازار. نووسەر، بە وردی ئەو ساتە وەختە دەکاتە دیمەنێکی جوڵاو و نمایشی. دەکات. تا خوێنەر بە جوانی لێی بگات و خوێندنەوەی بۆ بکات! لێرەدا هەوڵ دەدات ڕۆڵێک بگێڕێت کە ئێش و ئازارەکان ئاشکرا بکات و وەک پەیامێک بیگەیێنێت. مەرج نییە پەیامی گێڕەرەوە تەنیا باس کردنی ڕووداو و بەسەرهات و وەسف ... هتد بێت، بەڵکو پەیامێک، هەڵگری کۆمەڵێک خوێندنەوە و شیکردنەوەیەکە لە ساتەوەختی بەیان کردنیدا دەتوانیت هەستی پێ بکەیت و بیزانیت. گۆڕینی دەسەڵاتی گێڕەرەوە لە ڕۆماندا، شتێکی هەست پێکراوە و مەرج نییە دەسەڵاتەکان یاخود ڕۆڵ و ئەرکی لەسەر یەک ئاڕاستە و هێڵ بەردەوام بێت، بەڵکو بە پێی ڕووداو و بەسەرهاتەکان، ئەویش ئەم ڕۆڵەی دەگۆڕێ و وا دەکات وەک شەپۆلێک بەردەوام لە هەڵبەز و دابەزدا بێت. بۆیە زۆرجار لە گێڕانەوەیەکەوە بۆ یەکێکی تر ئەم تێبینییە دەردەکەوێت و هەستی پێدەکرێت. هەر وەک لێرەدا گێڕەرەوە دەیکات **((جوامێر بە پەلە لە ماڵ هاتە دەرێ، خۆی کرد بە ماڵی مامە ڕەشەدا کە هەروا دیوارێکیان بەین بوو، .... بە تەنیا ژنی خاوەن ماڵ لەوێ بوو تکای لێ کرد کە بچێتە لای کاڵێ ی ژنی کەوا ژان ئەیگرێ تاکوو مامانی بۆ دێنێ چاوی لێوەی بێ..... بە لۆقە کۆڵانە تەنگەبەرەکەی خۆیان بڕی. لە دڵیا پەژارە و خۆشی پێکەوە قوڵپیان ئەدا))** (ئەحمەد، ٢٠٠٢، ل١٧) نیشاندانی خۆشی و شادی و دڵتەنگی، یەکێکە لەسیماکانی زەمەنی ناوەوەی بێرگسۆن، زەمەن لێرەدا تێکشکاوەو لەسەر ڕەوتی ئاسایی خۆی ناڕوات. چونکە ڕۆماننوس شارەزایانە یاری بە زەمەن و پاش و پێشی. بە ڕووداوەکان، کردوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە زەمەن لای هێنری بێرگسۆن، زەمەنێک نییە لەدەرەوەی مرۆڤ، بەڵکو لەناوەوەی مرۆڤدایەو بەشێکی جیانەکراوەیە لێی. هەربۆیە نووسەریش شارەزایانە دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکەی دەداتە بەر ڕووناکی و لایەنە سایکۆلۆژییەکەی نیشان دەدات. کە سەرەڕای ئێش و ئازاری کاڵێ، بەڵام دڵخۆشی جوامێر ناشارێتەوەو دەیەوێت ئەو ساتەوەختەمان بۆ نیشان بدا کە پێیدا تێپەڕ دەبێ. واتا لێرەدا گێڕەوەکە هەوڵ دەدات ئەم جۆرە دوو دڵی و ئاڵۆزیی و دڵخۆشییەی (جوامێر)مان بۆ بگوازێتەوە کە لەساتەوەختی منداڵ بوونی (کاڵێ)ی ژنی، هەیەتی! چونکە ئەم گۆڕینە لە دەسەڵات و فۆرم و بیری گێڕەرەوە وا دەکات کە هەمیشە خوێنەر چاوەڕوانی ڕووداو و گێڕانەوەی جیاواز بکات! بۆیە کاتێک دیمەنێکی خەمناکمان پێ نیشان دەدات، لەو لاوە دیمەنێکی کۆمیدی و بەسەرهاتێکی خۆشمان بۆ باس دەکات. واتە لەڕێگەی زەمەنی ڕاستەقینەوە، ئەزموونی زیندووی ناوەوەی جوامێر درک پێدەکەین. ئەگەرچی نووسەر، لەڕێی گێڕانەوەوە یادەوەرییەک لەڕابردووی جوامێر دەهێنێتە زەمەنی ئێستاو دەیکاتە درێژکراوەی ئەو زەمەنی کە کارەکتەر تێیدا دەژی، بەڵام بەسڕینەوەی سنوری نێوان زەمەنکان، نووسەر دۆخی دەروونی کارەکتەرەکانی بەتەواوی دەردەخات. لەگەڵ ئەمانەشدا، هەندێجار لەڕێی گێڕانەوەی ئەم هەموو بەسەرهاتانە، ڕاستەوخۆ هەست بە دەستێوەردانی نوسەریش دەکرێ. بەڵام دواجار لەڕێی گێڕەرەوەی هەموو شتزانەوە ئەم بابەتە ساغ دەبێتەوە. هەروەک ئەم دیمەنەی خوارەوە کە دەسەڵات و ئەرکی گێڕەرەوە گۆڕانی بەسەردا دێ، کاتێک دەڵێ **(بێ گومان مەسرەفێکی باشم ئەبێ بە تووشەوە بە تایبەتی ئەگەر کوڕ بێ ئەبێ ئاهەنگی بۆ بکا .... وای خۆ ڕزگارکردن لە دەستی بیروباوەڕی کۆن گرانە .... ڕەنگە ژن ئەوەندە گلەیی لێ نەکرێ کە حەز بە کوڕ زیاتر بکا لە کچ، چونکە خۆی چێشتویەتی، ئەزانێ ئافرەت، بە تایبەتی لای ئێمە چەند بەشخوراو و زۆر لێکراو و چەوسێنراون.... سەرێکی باداو لەبەر خۆیەوە وتی:-**

**کەرانەی ئەم ڕەئی یە بێ جێ یەم شەرت بێ ئەگەر کچم بێ ئاهەنگێکی لە هی کوڕان خۆشتری بۆ بکەم)** (ئەحمەد، ٢٠٠٢، ل١٧). تێکشکاندنی ڕووداو پێش و پاشکردن پێی، یەکێکە لەو هونەرانەی کە لە ژێر سێبەری فەلسەفەی پۆستمۆدێرنیزمدا گەشەی کرد. هەر بۆیە دەبینین نووسەر شارەزایانە ڕووداوەکان تێکەڵ دەکات و نیشانیان دەدات، ناهێڵێت سەنتەری بوون هەبێت هەروەک چۆن لەزەمەنیشدا ئەمەی پەیڕەو کردووە. لێرەدا گێڕەرەوە باسی ئەو جیاوازی ڕەگەزییە دەوروژێنێ کە کۆمەڵگای ئێمەی لە کۆن و نوێدا گرتووە و وەک پەتایەک وایە کە چارەسەری یەکجارەکی نەبێ. هەر بۆیە دەیهێنێتەوە بەرباس و قسەی لەسەر دەکات. لێرەدا هەست دەکرێت نووسەر ڕاستەوخۆ و لە ڕێگەی گێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە ئایدیا و مەبەستی خۆی تێکەڵ بەم کارە کردبێ، چونکە دواجار دەزانین نووسەریش کەسێکی یەکسانیخواز و ئازادە و دەیەوێ ئەم جیاوازییە نەمێنێ. بۆیە گێڕەرەوە زۆر بە جوانی ئەم بابەتەی وروژاندوە و دەسەڵاتی لە ئاشکراکردنی ئەم گرفتە خستوەتە گەڕ و دەیەوێت وەك پەیامێك بە خوێنەری بدات. بۆیە گێڕەرەوە ئەم باسە دەوروژێنێ تا پێمان بڵێت، کە تا ئێستا لە کۆمەڵگەی دواکەوتودا جیاوازی ڕەگەزی هەیە و خەندە بۆ منداڵی کوڕ و گریان و قوڕ پێوانیش بۆ منداڵی کچ دەکرێت لە کاتی لە دایک بوونیاندا.

لە بەشێکی تری کاری گێڕەرەوەدا، نیشاندانی دیمەنێکی تری ڕوداوەکانە لە گۆشەیەکی ترەوە ئەویش **کاتێک ((لە بەردەمی دایەرەی ئاسایشا دابەزین، بردیانە ژووری پاش سەعاتێ ڕاگرتنی ناخۆشی و پڕ بێزاری، پەنجەمۆر و چەند وێنەیەکیان وەرگرت، ناونیشان و کار و ناوی چەند ناسیاو و خزمێکی نزیکیان لێ پرسی و نووسی و دەستەبەریان کرد کە نابێ بە هیچ جۆرێ شوێنی دانیشتنی خۆی بگۆڕێ بەبێ ئەوەی پێشەکی ئاگاداری ئەوان بکا. ئەوسا بەڕەڵلایان کرد))**. (ئەحمەد، ٢٠٠٢، ل٢٣).

ئەگەرچی ڕووداوەکان لەزەمەی ئێستادا دەگێڕدرێنەوە، بەڵام ئەو ئێستایە بەشێکە لە ڕابردوو، ڕابردووش بەشێکە لەزەمەنی ئێستا. چونکە زەمەن لای بێرگسۆن، زەمەنێکی نەپچڕاوەو سنوور لەنێوانیادا نەماوە. هەربۆیە کاتێک کە ڕووداوەکان دەخوێنینەوە وا هەستدەکەین کە هەمووی لە زەمەنی ئێستادا ڕوویانداوە. لێرەدا، گێڕەرەوە بە شارەزاییەکی باشەوە ساتی لێکۆڵینەوە و ئازادکردنی (جوامێر)مان بۆ نمایش دەکات و وردەکارییەکان دەخاتەڕوو، لێرەدا هەست دەکەین، کە گێڕەرەوە شارەزاییەکی باشی لە یاسا و لێکۆڵینەوە و بەندکردن هەبێت و ئێمەی خوێنەری پێ ئاشنا بکات، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستیەش بزانین مادام نوسەری ڕۆمانەکە یاساناس و مافپەروەر بوە، دەستی خستوەتە ناو ڕوداوەکان و لە ڕێگەی گێڕەرەوەی هەمو شتزان تەواوی زانیارییەکان دەدرکێنێ و ئاقاری گێڕانەوەکە بەو لایەدا دەگۆڕێ کە دەسەڵاتی نوسەری وا بەسەرەوە. لە چەند شوێنێکی تریش هەست بەم دیاردەیە دەکەین و لە دیارترینیان، ئەو ساتە وەختەیە کە لە بەندیخانەکە، لێکۆڵەرەکە، لێکۆڵینەوە لە (جوامێر)ی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە دەکات و هەست دەکەیت کە کەسێکی ئاسایی نییە. بەڵکو بەو پەڕی شارەزاییەوە قسە دەکات و دەڵێت: **((لام وایە خەباتکار نابێ سڵاو لە نۆکەری ئیمپریالیزم بکات بۆیە سڵاوت نەکرد! بەڵام من پیاوی ڕاستم خۆش ئەوێت بۆیە ئەم کردەوەیەتم پێ ناخۆش نییە، بەڵام شەرت ئەوەیە لە هەمو شتێکا خەباتکەر بیت، مەردانە پێ لەوە بنێیت کە چۆن ئەم خۆپیشاندانەت ڕێکخست و نیازتان چی بوو لە پەلاماردانی دایەری پۆلیس و تەقەکردن لەو ژەندرمە بێ تاوانانە))** (ئەحمەد، ٢٠٠٢، ل١٢٥) گێڕەرەوە بە وردی دیمەنی لێکۆڵینەوەکە بەیان دەکات و لە ڕوی دەرونیشەوە، ناوەوەی لێکۆڵەر وەک پیاوێکی توندو دژ بە ئازادیخوازان دەردەخات کە

چۆن مامەڵەیان لە تەکدا دەکات و بڕوای بە هیچ قسەیەک نییە جگە لەوەی کە دەبێ ددان بە تاوانەکەتدا بنێیت، گەر تاوانباریش نەبیت، ئەگینا زۆر زەحمەتە ڕزگارت بێ. بۆیە گێڕەرەوە بەردەوام دەبێ و دەڵێت: **((بە ڕاستی قسەیەکی جوانە، دوای ئەو خۆپیشاندانە خوێنینەی نزیکەی سەد کەسی تیا کوژرا و ئەو ئاگرەی نایەوە لە وڵاتا لە وڵاتە هەروا سوک و ئاسان ئەتدەین بە عورفی و چەند ساڵێك حوکمت بدا و بیڕێتەوە؟! نەخێر هەڤاڵ جوامێر زۆر زۆر بە هەڵە چووی لە لێکدانەوەکەتا، ناوی سەرکردەکانتان سەرچاوەی پارە و ژیانتانم پێ نەڵێیت گیان لەم دایەرەیە نابەیتە دەرێ، ئیتر ئەم سەرینە بخەرە ژێر سەرت و هۆشی خۆت بهێنەرەوە و بەرخۆت))** (ئەحمەد، ٢٠٠٢، ل١٢٦).

گۆڕینی هێز و فشاری ئەو وشانەی کە لێکۆڵەر لە کاتی لێپێچینەوە لە تاوانبار یاخود گومان لێکراو دەیکات، دەردەکەوێ کە گێڕەرەوە لە پێدانی زانیاری بە خوێنەر لێهاتووەو ئاستی کارەکەی یاخود دەسەڵاتەکەی لەنێو دەقدا، بەرز و نزمی دەکات. لای خوێنەر هێزی کارەکەی و شارەزایی لە ڕووداو و بەسەرهاتەکان دەردەکەوێ، چونکە دواجار هەمووان لەڕێی ئەووە دەگەینە سەرچاوەی زانیارییەکان. لەلایەکی ترەوە بەهۆی ئەو شارەزاییەی کە گێڕەرەوە لە هێڵی لێکۆڵینەوەکە هەیەتی و دەیەوێ دیوێکی تری خۆی نیشان بدات، هێزی قسە و فشاری لێکۆڵەر دەگۆڕێ تا ئاراستەی ڕووداوەکان بە ئاقارێکی دیکەدا بڕوات و دیمەنەکان گەرم و گوڕتربن، بۆیە دەڵێت: **((کابرا بە زەردەخەنەیەکی سەرکەوتووانەوە وتی:**

**- باشە بەسەرچاو .... کوڕە هەر ئێستا چرایەکی باش و دەستێ نوێنی پاک بەرن بۆ کاک جوامێر. پیاو هەر بە دیمەن دیارە ... هەرگیز ئەم کوڕە باشە هاوڕێی ئەو جرو جانەوەرە خوێنڕێژانە نییە!.... دەسێی نوێنیان بۆ هێنام لەگەڵ چرایەک، من خەریکی ڕێکخستنی جێگاکەم بوم سینی یەکیان لە بەردەما دانام، برنج و پەتاتە و بەرداخێ ماستاویشی. لەسەر بوو، دەستم کردە خواردن،ی بەخۆمم ئەوت لێدە تێر بخۆ هەر ئەم ژەمەیە بەیانی کە بەگ چاوی پێت کەوتەوە لە باتی ئەم خواردنە باشە تێهەڵدانێکی باش ئەخۆیت...))** (ئەحمەد، ٢٠٠٢، ل١٢٧). گۆڕینی شێوازی قسەکردن و تۆن دەنگ، ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ئاشکراکردنی دیوی ناوەوەی مرۆڤ، کە لەو ساتەدا چۆن ددان بەخۆیدا دەگرێ و کۆنترۆڵی ئەو فشارە دەروونییە شاراوەیە دەکات، کە هەیەتی. ئەمە ئەوپەڕی شارەزایی گێڕەرەوە نیشان دەدات، کە چۆن ئاستی توڕەیی لێکۆڵەر لە پێوانەیەکی بەرزی قسەکانییەوە دەهێنێتە خوارەوە، بۆ ئاستێکی نزم و تۆنی دەنگیشی دەگۆڕێ! هاوشان وشەکانیش سادە و ساکار دەبنەوەو وا لە بەرانبەر دەکەن کە هەست بە ئاسودەیی بکەن، کە دەڵێت: بە سەرچاو، یان چرایەکی باش و دەستێ نوێنی پاک بەرن بۆ کاک جوامێر! مەبەستی لێکۆڵەر ئەوەیە لە ڕێگەی نەرمی نواندنەوە بگات بە سەرە داوێک و دەست بەسەر ئازادیخوازان و ڕاپەڕینەکەیاندا بگرێت، لە بەرانبەریشدا (جوامێر)یش بۆیە نەرمی نواندوە تاشەوێک بە ئیسراحەت بخەوێت و خواردنێکی باش بخوات. دواتر چی ڕوودەدات کێشە نییە. هەمو ئەمانە شارەزایی و زیرەکی گێڕەرەوە دەردەخات کە ململانێ و گرژییەکان دەباتە بەرزترین خاڵی توندی و پاشان بە چەند وشەیەک، هەمو ئەمانە ناهێڵێ و گرژییەکان هێور دەکاتەوە. لەلایەکی تریشەوە هەندێ جاری گێڕەرەوە لەبەرئەوەی کەوتوتە ژێر کاریگەری هەستی نەتەوەیی و نەژادی و ڕەگەزی نوسەر، پەیامێکی ئاگرینی یاخود وروژێنەر بە خوێنەر دەدات و کار لەسەر هەست و نەستیان دەکات، هەر وەک لێرەدا دەردەکەوێت پاش ئەوەی جوامێر بەند دەکرێت و ئەشکەنجەیەکی زۆر دەدرێت، داوای

خـواردن و پێداویسـتی دەکات، سـەرئەنجـام گێڕەرەوە بەم شـێوەیە ڕووداوەکان دەگێڕێتـەوە و دەڵێت:

**((لەبەر خۆمەوە وتم:**

**- ئەرێ ئەوە پێخەوێ، چرایەک، شتێکم بۆ ناهێنن؟ کابرا بە پێکەنینێکی بەرزی ناخۆشەوە وتی:**

**بەڵێ! ئـەی چـۆن هەر ئێسـتە کچـێکی جوانیشـت بـۆ ئەهێنـین لەو خوشـکانەی بەنـاوی نیشتمانپەروەری و ئازادی خوازییەوە ئابڕوویان ئەبەن!))** (ئەحمەد، ٢٠٠٢، ل١٢٣).

لێرەدا گێڕەرەوە بە ڕوونی ئەو پەیامەمان پێ دەڵێت، کە دوژمنان هەمیشـە بە چاوێکی سـوک و نـزمەوە لە نەتەوەی کـورد و شـۆڕش و مـافە ڕەواکانی دەڕوانـن خـوێ دەکەنە سـەر ئەو شـوێن و برینەی کە هەست و نەستمانی پێ ئەکولێننەوە و جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ ناکەن و دەستی لە ناموس و شـەرەفی تاکی کورد ناپارێزن، بۆیە دێن باسی ئەو ژنە شۆڕشگێڕ و ئازایانە بە خراپی دەکەن و بە ئابڕوبەر ناویان دەبن! ئەگەرچی ئەم پەیامە، کاریگەری ڕاستەوخۆی نوسـەری لەسـەرە و دەیەوێ لە ڕێی گێڕەرەوەکەیە و بیگەیێنێت، بەڵام دواجار ئەمە ڕاستییەکە و دوژمنان کاریان لەسـەری کـردوە و پەیڕەویان کـردوە. هەنـدێ جار کاریگەری نوسـەر، بەسـەر گێڕەرەوە بەئاشـکرا دەردەکەوێ، هەنـدێ جـار دەتوانیـت لە ڕوی دەرونیـیەوە خوێنـدنەوە بـۆ کەسـێتی نوسـەر بکەیـت و بـارودۆخی هەڵسـەنگێنێت! ئەگەرچی ئـەشێ هەنـدێ جـار پێچـەوانەکەشی ڕاست بێ! بەڵام دواجـار مەیل و نوسین و داخوازییەکانی وەک بنەمـایەک بـۆ بـابەتەکە لەبەر چاو دەگیرێ. لێرە گێڕەرەوە ئەرکەکەی گۆڕانێکی بەسەردا دێت و خوێنەریش هەستی پێدەکات. چـونکە ئەوەی لـێرەوە بۆمـانی بـاس دەکات، لەگەڵ تەواوی بابەتەکانی پێشـو، جـودایە. هەر وەک دەڵێت:

**((جـوامێر خەریک بـوو بپرسێ چۆنـت زانی لە پاشـا ترسـا لەوەی درێـژەدان بە قسـە زۆر لـە ئافرەتەی نزیک کاتەوە، کە دیار بوو نەک هەر ئێسک سووک، تەنیا و دەستەمۆش بوو، بۆیە سەرێکی لە قاند و بێ دەنگ بوو، بەدەم قسەوە هاتە لای کورسییەکانی نزیک دەرگای ژوورەکەوە. لەسەر هەرە دوورەکەیان دانیشت))** (ئەحمەد، ٢٠٠٢، ل١٦٦) لێرەدا، گێڕەرەوە باسی ژنە چاپچییەکە دەکات و بە ژنێکی ئێسك سوک و جوان و تەنیای دەناسێنێ، بەڵام ئەوەی جـێی سـەرنجە بـەبێ ئەوەی هـیچ ڕووداوێـکی نـەخـوازراوی وەک: دەسـتبردن، گەمەکـردن، چاوتێبڕین و مەیل نیشاندانی ژنەکە بۆ جـوامێر، گێڕەرەوە، ژنەکە، بە ژنێکی دەستەمۆ و کەوی (قایل) نیشان دەدات. بە شێوەیەک کە ئەمە کاری ئێستای نەبێ و پیشەی هەمیشەیی بێ، بۆیە ئەمە وەک پەڵەیەکی ناشرین وایە بە نێو چەوانی کاری گێڕەرەوە، ئەگەرچی ئەمیش لە هەنـدێ شـوێن و دۆخـدا ئـاوێنەی مەیـل و گوزارشـتی نوسـەرە! بەڵام ئەمە وەک کارێکی نـاتەواو دێـتە بەرچاوو نوسەری ڕۆمان، دەبێتە جێی ڕەخنە. چونکە خوێنەر دەپرسێ: ئاخۆ گێڕەرەوە چۆن زانی کە وا ژنەکە دەستەمۆیە؟ ئەی بۆچی هیچ بابەتێکی لەسەر نەوتوە؟ بۆ باسی دیمەنێکی وا ناکات کە ئەم قسـەیەی ڕونبکاتەوە و لای خـوێنەر ئاسـایی بێ؟ بـۆیە هەنـدێ جار نوسـەر دەکەوێـتە هەڵەی زەقەوە و وا هەست دەکەیت لەو پەڕی بە ئاگاییدا بێ. ئەگەرچی نوسەر هەوڵیداوە زۆر وشـەی کوردی- سادە لە ژینگەی گوند و دێهاتەکانەوە وەرگرێ و بەکاری بهێنێ، بەڵام دواجار وەک پێویست نەیتوانیوە بیمەزرێنێ! چونکە دەبێ بزانین (کەوی- دەستەمۆ) هەریەک مانایان هەیە، یەکەمیان بە شێوەزاری هەولێری و دوهەمیان سلێمانییە!

له لایەکی ترەوە، گێڕەرەوە جارێکی تر و لە دیمەنێکی تردا دەگەڕێتەوە سەر ئەم باسە و بە شێوەیەک کە خوێنەر، هەم دەخاتە گومانەوە و هەمیش تورەی دەکات و جۆرێک لە ڕەخنە ئاراستەی کارەکە دەکەن! چونکە هەر وەکو باسمان کرد، هیچ ئاماژەیەکی سۆزداری و نیشاندانی حەزی لەم جۆرە کارانە لە لای ژنەی چایچی لە گۆڕێدا نییە، ئیتر چۆن کارێکی وا دروست دەبێت، بۆیە گێڕەرەوە بەردەوام دەبێت و دەڵێت: **((جوامێر لە دەستی شتن ئەگەڕایەوە بیری لە ژنەکە ئەکردەوە.... زۆر کەوی دیارە، دەستی پیاوی خۆی کەوێت بستی بە قەرز نادات. ناشیرینیش نییە.... چی! ناشیرین! گوناهە پیاو نەڵێ ئێسک سووکە. ئەم تەنیایی یەش هەلێکی باشە بۆ ئەو کەسانەی لە شتی وا ئەگەڕێن))** (ئەحمەد،٢٠٠٢، ل١٦٨) شاراوە نییە، کە گێڕەرەوە ئەرکەکانی لەنێو دەقەکەدا جیاوازە و هەر جارە و بە شێوەیەک ڕوداوەکان و بەسەرهاتەکان. دەردەخات و لەسەریان دەدوێت، هەندێ جاریش نووسەر، ڕاستەوخۆ دەستی لە کاروباری گێڕەرەوە وەردەدات و بە کاریگەری ئەو، کارەکە جێبەجێ دەبێت. ئەوەی ئێرە هەڵگری، یاخود ڕەنگدانەوەی لایەنی دەروونی نوسەری وا پێوە! چونکە لەنێو ئەو فەزا توندوتیژە ململانێ و خەم و بەدبەختیەدا، چۆن گێڕەرەوە بەفریای گێڕانەوەی دیمەنێکی لەم شێوەیە دەکەوێت، گەر ڕاستەوخۆ نووسەر نەیەتە ناو ڕوداوەکانەوە؟ هەر بۆیە دەکرێ ئەمە بکەینە خاڵێک و لەوێوە پرسیار و ڕەخنەی خۆمان ئاراستەی نووسەر بکەین و بزانین ئاخۆ چۆن دەبێت کە کارەکتەری سەرەکی ڕووداوەکان کە خۆی وێڵی ژن و منداڵەکەیەتی، بیرێکی وای بە مێشکدا بێ؟ ئەمە دەرچوونە لە بازنەی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و زێدەڕۆییە لە ئاکاری جوانی تاک و کۆمەڵگای کوردی. دەبێتە ماکێک بەسەر جەستەی دەقەکەوەو ڕەخنە هەڵدەگرێ! ئەم لادانە لە بنەمای ئەخلاقی کۆمەڵایەتی، گێڕەرەوە و نوسەرەکەشی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، چونکە ژنێکی کوردی بەدبەخت و چارە ڕەش، لە کاتێدا هەڵسوکەوتی هیچ ئاماژەیەکی خراپی لێ بەدی ناکرێ، ئیتر چۆن دەبێتە مایەی خەیاڵی (جوامێر) و قسەکردن لەسەر تەنیاییەکەی! هەموو ئەمانە پێویستی بە هەڵوەستەیەک هەیە. ڕاستە گێڕەرەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، بەڵام سەرئەنجام ئەم گێڕانەوانە کار لەسەر فەزای بیر و مەبەستی دەقیش دەکات.

له لایەکی ترەوە. گێڕەرەوە ئاراستەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان بە ئاقارێکی دیکەدا دەبات و کارەکتەر دەخاتە دۆخێکی سەخت و دژوارەوە، بەڵام ئەمجارەیان بە دەستی هاوخوێن و هاونیشتمانیان خۆی ئەم بەرز و نزمییە لە ئاستی گێڕانەوە، کاری گێڕەرەوەیە کە دەیەوێت ئەرکی خۆی لە دۆخی جودادا تاقی بکاتەوە و ئاراستەکانی خۆی لەنێو دەقی گێڕانەوەناسیدا دیاری بکات. هەر بۆیە ئەم جارە گێڕەرەوە ئەم بەشە نوێیەمان پێ ئاشنا دەکات کە چۆن کارەکتەری سەرەکی دەکەوێتە ناو ڕوداو گەل و پێشهاتێکی نوێیەوە بۆیە دەگێڕێتەوە کە چۆن کارەکتەری سەرەکی دەکەوێتە ناو بازنەی لێپرسینەوەی چەکدارەکان و دیمەنەکە دەگاتە ئەوەی کە گێڕەرەوە بابەتی جاسووس بون بێنێتە گۆڕێ. کە لە لایەن هاوخوێنانی کارەکتەری سەرەکی ڕوبەڕوی دەکرایەوە.

بۆیە دەڵێت **((چەکداری دووەم وتی:**

**- هیچ دوور نییە جاسوس بێت، میری ناردبێتی بزانێ ئەنجامی بۆردوومانە دڕندانەکەیان چی بووە؟**

**یەکەم وتی:**

**- بەڵێ هیچ دوور نییە...**

**سێ یەم لە پەنا بەردەکەوە قیڕانی:**



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**- بێ گومـان جاسووسـه. بـۆچی ئەوەنـدە لەسـەری ئەڕۆن؟ ئـا لاچـن بـیکەم بە قوربـانی گوللەیەک...))** (ئەحمەد، ٢٠٠٢، ل١٧٤). لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە هەمیشە جەنگ و کوشتن، جیاوازی نێوان تاوانبار و بێ تاوان ناکات و هەمو لەبەر چاوان دەبنە یەک! لێرەدا کارەکتەری سـەرەکی لەبەر ئەوەی ماوەی دە سـاڵ بەنـد بـوە و ئێستاش لەدوای دەرچـونی لە بەنـدیخانە، وێـڵی ژن و منداڵـەکەیەتی، گـوێ بـە سـنور و ڕوبەڕوبـونەوەی ڕژێـم و هـێزە چەکدارەکان نـادات و دەگەڕێت تـا سـۆراغیان بکات، بەڵام سـەرئەنجام هـێزی بەرانـبەر وەک جاسوسێک مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و ئەوانیش جارێکی تر بەندی دەکەنەوە. ئەم هەمو بەرز و نزمییە لە کار گێڕەرەوە بۆ ئەوەیە کە هەمو دیمەنێکی دیار و نادیاری ناو ڕوداوەکان نیشان بدات و لای خـوێنەر ڕوون بێـت. لە لایەکی تـرەوە گـێڕەرەوە ئەو دیـمەنەش دەگـوازێتەوە کە چـۆن کـارەکتـەری هەوڵ دەدات بـاوەڕ بە چەکـدارەکان بهێـنی کە ئەو جاسـوس نیـیە و بە دوای خانەوادەکەیدا سەرگەردانە، بۆ بەم شێوەیە دەیگێڕێتەوە **((کاکی خۆم من جوامێر بایزم ناوە. تـازە لە زینـدان هـاتوومە دەرێ. دە سـاڵ بەنـدی بـووم. لەسـەر کـوردایەتی گیرابـووم .ژن و کوڕەکەم ئەمە مانگێـک- مانگ و نیوێکە بە سـەردان چـوون بـۆ لادێی گـوڵان مـاڵی پوریان لەوێ یە، ئەچم ئـەیان بەمەوە بـۆ شار، ئیتر نە جاسـوم نەماسـووس))** (ئەحمەد، ٢٠٠٢، ل١٧٥). لێرەدا گێڕەرەوە، ڕۆڵی بەرگریکاری بە کارەکتەری سـەرەکی کـە جـوامێرە، بەخشـیوە، تا هەوڵبدات لە ڕێی ئەو قسـە و ڕونکردنـەوانەی کە دەیکات قەناعەت بە چەکدارەکان بکات و بەندی نەکەن، ئەم بەرگری لە خۆکردنە کە گێڕەرەوە داویەتیە پاڵ کارەکتەرەکە. هەوڵدانێکە بۆ پاراستنی شکۆی کەسایەتی و خۆڕاگری پاک هێشنەوەیەتی دواجار ئەوەی بەسەر ئەمدا هاتوە بە بەنـدی کـردن بـۆ مـاوەی (١٠) ساڵ، کەم نییە. هەر بۆیـە گێڕەرەوە وێنەی کارەکتەرەکە وا نیشان دەدات. کە کەسێکە بەو پەڕی پاکییەوە دەگەڕێ و سۆراغی خانەوادەکەی دەکات گوێ بەو هەمو مەترسییانە نادات کە ڕووبەڕووی دەبنەوە.

## ئەنجام

**١.** زەمەنی دەروونی وەک تەکنیکێک دەبێتە پێوەر و بنەما بۆ نوێبوونەوەی ڕۆمانی کوردی.

٢. زەمەن لە ڕۆمانی مەسەلەی ویژداندا بە شێوەیەکی کرۆنۆلۆجی هاتووە، بەمەیش گێڕەرەوە دەسەڵاتی هەمووشتزانی وەرگرتووە.

٣. زەمەن لە ڕۆمانی ژانی گەل، زەمەنێکی دەروونییە، بەمەیش زەمەن تێکشکاوە و دەسەڵاتی گێڕەرەوە دابەش بووە بەسەر کارەکتەرەکان و دەسەڵاتسەنتەری نەماوە.

٤. دەسەڵاتی گێڕەرەوە لە دوای بڵاوبوونەوەی ژانی گەل گۆڕانی تەواوەتی بەسەردا دێت.

٥. ناوەنـدێتی ڕووداو و بەسـەرهات تـا پـێش چـاپکردنی ڕۆمـانی ژانی گـەل هەیـە، بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆمانە ئەم ناوەندێتییە تێکدەشکێت.

سەرچاوەكان

به زمانی کوردی
- كتێب
– ئەحمەد، ئیبراهیم (٢٠٠٢)، ژانی گەل، چاپخانەی سپارتریک، ستۆکهۆڵم، سوید.
– ئۆگەستین، قەدیس،١٩٩١، دانپێدانانەکان، و: خوری یوخنا حلو، دار المشرق، بیروت، لبنان.
– باشلار، گاستون، ١٩٨٦، حدس اللحظة، ت: رضا غروز وعبدالعزيز زمزم، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد، العراق.
– جاف، ئەحمەد موختار (٢٠٠٨)، مەسەلەی ویژدان، پێشەکی و لێکۆڵینەوە: ئیحسان فواد، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
– دۆلۆز، جیل (١٩٩٩)، زەمەن و وێنە ، و: حەسەن عەودە ، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ، سوریا .
– کەسنەزانی، بوشرا (٢٠١٢)، پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا (١٩٩٥- ٢٠٠٥)، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
– محمەد، ئیبراهیم قادر ،(٢٠٢٤)، رۆمانی کوردی لە عێراقدا، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.
– فۆکنەر، ولیام، (١٣٩٥)، هەراو تورەیی، و: محەمەد رەمەزانی، ناوەندی چاپەمەنی گوتار، سەقز، ئێران.
– گۆڤار
- کاکە سور ، کاروان عومەر ، ٢٠٢١،کات وەک پرسیارێکی شەڕانگێز لە ئەزمونی مندا ، گۆڤاری گێڕانەوە ، ژ.١، هەولێر.
- به زمانی عەرەبی
- بدوى، عبدالرحمن، ١٩٧٣، الزمن الوجودى، دار الثقافه، بيروت.
- ريكور، پول (١٩٩٩) الوجود والزمان والسرد، و:سعيد الغانى، المركز الثقافى العربى، الدار البيضاء، مغرب.
- قاسم، سيزا (١٩٨٥) بناء الرواية (دراسة مقارنة في ثلاثية نجيب محفوظ) دار التنوير للطباعة والنشر، بيروت، لبنان.
- وهبه، مراد (٢٠٠٧)، معجم الفلسفى، دار القباء الحديثه، القاهره.
- عشور، سليمه (٢٠١٧) الزمان السايكولوجى عند هنرى برغسون، ماجستر، كليه العلوم الانسانيه والاجتماعيه، جامعه محمد بوضياف، الجزائير.

resources
in Kurdish
- book
- Ahmed, Ibrahim (2002), Pain of the People, Spartric Press, Stockholm, Sweden.

- Augustine, St., 1991, Confessions, and: Khuri Yokhna Halo, Dar al-Mashreq, Beirut, Lebanon.
- Bashlar, Gaston, 1986, Hadas al-Lahaza, t: Reza Ghorooz and Abdul Aziz Zamzam, Dar al-Shoon al-Thaqafiyah al-Aama, Baghdad, Iraq.
- Jaf, Ahmad Mukhtar (2008), Issue of Conscience, Introduction and Research: Ihsan Fuad, Second Edition, Aras Publishing House, Erbil.
- Dolores, Jill (1999), Time and Image, edited by Hassan Auda, Ministry of Culture Printing House, Syria.
- Kesnazani, Bushra (2012), Plot in Kurdish Stories (1995-2005), Sardam Publishing House, Sulaimani.
- Mohammed, Ibrahim Qadir, (2024), Kurdish Novel in Iraq, Roshnbiri Printing House, Erbil.
- Faulkner, William, (2016), Noise and Anger, and: Mohammad Ramazani, Gutar Press Center, Saqiz, Iran.

Magazine

- Kaka Sur, Karwan Omar, 2021, Time as an aggressive question in my experience, Narrative Magazine, No. 1, Erbil

-In Arabic

- Badwi, Abdul Rahman, 1973, Al-Zaman al-Wajudi, Dar al-Thaqafa, Beirut.
- Ricoeur, Paul (1999) Existence, time and cold, and: Saeed al-Ghani, Arab Cultural Center, Dar al-Bayda, Morocco.
- Qasim, Siza (1985) Building Narrative (Comparative Study in Najib Mahfouz's Trinity) Dar Al-Tanwir Publishing House, Beirut, Lebanon.
- Wahba, Murad (2007), Dictionary of Philosophy, Dar al-Qaba al-Haditha, Cairo.
- Ashur, Salima (2017) Psychological Time at Henri Bergson, M.A., Faculty of Humanities and Social Sciences, Mohamed Bouziaf University, Algeria.